# شوێنەواری جەنگ لە هونەری شێوەکاری هاوچەرخی هەرێمی کوردستان-عێراق دا
# (Remnants of War in Contemporary Plastic Art Of the Kurdistan Region-Iraq)
# آثار الحرب في الفن التشكيلى معاصر لإقليم كردستان-العراق

**نەوشیروان علی حسێن [١]، جەزا بکر [٢]**
[١،٢] بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Jaza.Mahmud@univsul.edu.iq

## پوختە:

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژنەوەیە دەربارەی ئەوکار و بەرهەمە هونەرییانەیە کە شوێنەوارەکانی جەنگیان نیشانداوە و کاریگەری نەرێنیان لەسەر ڕەهەندەکانی وەک (زمان، کلتور، نەریت، ئاین، دەروون، گیانلەبەران، سروشت، ژینگە، کاولکاری...هتد) هەبووە، هونەرمەندان بەشێوەی جیاواز کاریان لەسەر کردووە، بۆیە بەرهەم و کار و شوێنەوارە هونەریەکان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێن لای شارەزایان و توێژەران بۆ ئاشنابوون بەو لایەنانە، چوون بەشێکی زۆر لە بەرهەمە بەجێماوەکان دەربارەی جەنگ و داگیرکارییەکانن لە جیهاندا و بەشێکیان زۆر کاریگەرن و وەک مۆنۆمێنتی جەنگ تەماشا دەکرێن، کوردیش وەک خاوەن خاک و مێژوویەکی دێرن هەر لە بەراییەکانی مێژووەوە تا هەنوکە بەردەوام لەنێو ململانێ و داگیرکاریدا بووە، ئەم توێژنەوەیەش گەڕانە بەنێو کاری ئەو هونەرمەندە کوردانەی کە کاریان لەسەر داگیرکاری و جەنگ و شوێنەوارەکانی کردووە کە بەسەر خاک و گەلەکەیدا هاتووە لەنێو هەرێمی کوردستاندا، بەو پێیەی لە دوای ڕاپەرینەوە هونەرمەندان دەستکراوەتر و ئازادتربوون لە دەربڕین بابەتیاندا لە نێو کارەکانیاندا کە بەشێوازی توێژینەوەی شیکاری شرۆڤەی کار و ناوەڕۆکەکانیان کراوە لە چواربەش و بە تایبەت لە کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکەدا لەبەشی سێیەم.

**وشە کلیل:** شوێنەوار- جەنگ - هونەری شێوەکاریی -هاوچەرخ.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10510 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/١٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٣/٢٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٣/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | Jaza.Mahmud@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٤ نەوشیروان علی حسێن ، پ.ی.د. جەزا بکر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص:**

بشكل عام هذا البحث يدور حول الأعمال الفنية التي تظهر مخلفات أثار الحرب والتي كان لها تأثير سلبي على أبعاد مثل (اللغة ، الثقافة ، التقاليد ، الدين ، علم النفس ، الحيوانات ، الطبيعة ، البيئة ، الدمار...إلخ)، ولذلك تعتبر الأعمال والآثار مصدرًا مهمًا للخبراء والباحثين للتعرف على هذه الجوانب، لأن العديد من الأعمال المتبقية تدور حول الحروب والمهن في العالم وبعضها مؤثر جدًا. هذا البحث هو استكشاف من أعمال الفنانين الأكراد الذين عملوا على الاحتلال والحرب وموروثاته التي حدثت لإقليم كوردستان، حيث أصبح الفنانون أكثر انفتاحًا وحرية بعد الانتفاضة يعبرون عن موضوعاتهم في أعمالهم من خلال البحث التحليلي وتفسير العمل والمحتوى وهي مقسمة إلى أربعة أقسام خاصة في المجتمع ومثال البحث في القسم الثالث.

**الكلمات المفتاحية:** علم الآثار - الحرب - الفنون الجميلة – المعاصرة.

**Abstract:**

In general this research is about the works and works of art that show the legacies of war and have had a negative impact on dimensions such as (language, culture, tradition, religion, psychology, animals, nature, environment, destruction…etc) Therefore, the works and monuments are considered, an important source for experts and researchers to get acquainted with these aspects, because many of the remaining works are about wars and occupations in the world and some of them are very influential This research is an exploration of the work of Kurdish artists who have worked on the occupation, war and its legacies that have happened to the Kurdistan Region, as artists have become more open and free after the uprising They express their themes in their works through analytical research and interpretation of the work and content They are divided into four sections, especially in the community and the research example in the third section.

**Keywords:** remnants, war, contemporary, Plastic Art.

## بەشی یەکەم: پێناسەکانی توێژینەوە

### پێشەکی:

جەنگ بابەتێکی ئاڵۆزی مێژووییە و هێندەی تەمەنی مرۆڤایەتی دێرینە، چەندین ڕووداوی گرنگ و چارەنووسازی لێبۆتەوە، بۆیە دەکرێت بڵێن مێژووی مرۆڤ مێژووی جەنگە و لە زەویدا هیچ شوێن و ناوچەیەک نیە کە جەنگ و داگیرکاری تێدا بەرپا نەکرابێت، بە مەبەست و ئامانجی جیاواز، بە چەندین شێوە ئەنجامدراوە کە لە شەڕەوە دەستی پێکردووە بەرە و جەنگ لە شێوەی (کوشتن، ڕاونان، کۆمەڵکوژی، ڕاگواستن، داگیرکرن...هتد). هەروەها شوێنەوار و کاریگەری لەسەر لایەنی (مرۆی، ژینگەی، سروشتی، کلتوری، کۆمەڵایەتی، زمان، هونەر، دەرون...هتد) دروستدەکەن. خاکی کوردستانیش وەک بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەیەکی گرنگ لە مێژە بەدەر نەبووە لە جەنگە یەک لەدوا یەکەکان لەم ناوچانەدا و کاریگەری گەورەی لەسەر داناوە، ئەم توێژنەوەیە گەڕانە بەنێو بەشێک لەو کارە هونەرییانەی کە شوێنەواری جەنگەکانیان نیشانداوە و تۆمارکردووە، کە لە ناوچەکانی جیهاندا چەندین بەرهەم و مۆنۆمێنت و مۆزەخانەی تایبەت بەم لایەنە هەیە و کاری لەسەر کراوە و هەمووان لێی ئاگادارن، وەک پرسیارێکی توێژینەوەکە گەڕانە بەنێو کاری ئەو هونەرمەندە کوردانەی باشوردا کە لەسەر کارەساتەکانیان کاریان کردووە بەو پێیەی لە دوای ڕاپەڕینەوە هونەرمەندان دەستکراوەتر و

ئازادترن لە کارکردنیاندا بە ڕووی جیهانی دەروە، پاش گەڕان و بەدوادا چوون بۆ ئەو بەرهەمانە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا چەند نمونەیەک کۆکراوەتەوە و خراوەتەڕوو کە بەشێوەی میتۆدی وەسفی شرۆڤەی بۆ کراوە کە دەگونجێت لەگەڵ شێواز و ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا.

## کێشەی توێژینەوە:

-ئایا هونەرمەندی کورد بە چ شێواز و ناوەڕۆک و دیدگایەک گوزارشتی لە جەنگ و شوێنەوارەکانی کردووە؟

-ئایا ڕەهەند و لایەنی (مرۆی، ئایدۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەی، دەروونی، ژینگەی) دەردەکەوێت لە کارەکانیاندا؟

-ئایا هونەرمەندانی کورد وەک هونەرمەندانی بیانی کاریان لەسەر ئەو جەنگ و نەهامەتیانە کردوە کەبەسەر گەل و نەتەوەکەیاندا هاتووە؟

## گرنگی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر نیشاندانی بەشێک لەو کار و بەرهەمە هونەرییانە کراوە کە شوێنەوار و ڕەهەندەکانی جەنگیان نیشانداوە، لە بەراییەکانی مێژووەوە تا دەگاتە سەدە نوێکان، هەروەها کاری بەشێک لە هونەرمەندە دێرین و نوێکانی کورد لە هەرێمی کوردستاندا کۆکراوەتە پاشان ڕاڤەکراوە و نیشاندراوە، ئەوانەش دەبنە سەرچاوە و بەڵگەیەکی نوێ لەم بابەتەدا و گرنگن لە نیشاندانی نەهامەتی کارەساتەکان کە بەسەر کوردا هاتوون لە ڕێی هونەری بینراوەوە، زۆرکاتیش مێژوو نووسانیش بۆ زانینی بەشێک لە ڕووداوەکان دەچنەوە سەر بەرهەمە هونەرییە جەنگییەکان. بەو پێیەی زووتر دەگاتی بینەر و هەمووان دەتوانن لێی تێبگەن. هەروەها توێژەران و فێرخوازانی هونەر سود لەو کۆکردنەوە و خستنە ڕووە وەردەگرن کە بە زمانی کوردی بۆ یەکەمین جار ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوە:

بە دیارخستنی ڕەهەندەکانی شوێنەواری جەنگ لە نێوکار و بەرهەمەکانی هونەرمەندانی کوردستانی باشور، سەرباری نیشاندانی لایەنی هزری و هونەری پشت ڕووداوەکان و شیکردنەوە و پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندیان دەبنە بەڵگەیەک کە دەکرێن لەوێوە بزانرێت هونەرمەندانی کوردیش لەنێو دونیای هاوچەرخدا چۆن و بە چ شێوەیەک کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردوە.

## سنوری توێژینەوە:

بەپێی ناونیشان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە کە بریتیە لە: (شوێنەواری جەنگ لە هونەری نیگارکێشانی هاوچەرخی هەرێمی کوردستان-عێراق)دا کە بابەتێکی هونەری بینەی شێوەکارییە کار لەسەر بەرهەمە جۆراوجۆر و هاوچەرخەکانی هونەرمەندانی کوردستانی باشوور دەکات.

**سنوری شوێن:** هەرێمی کوردوستان-عێراق.

**سنوری کات:**

ساڵانی (٢٠٠١-٢٠٢٠) بەهۆکاری ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی هونەری دەربارەی ڕوداو و شوێنەوارەکانی جەنگ لای هونەرمەندانی کورد بەدیدەکرێت بەشێوە و تەکنیکی نوێی و هەمەجۆر، بێجگە لەوەی کەبە بەرهەمە نوێکان ئاشنامان دەکات، بەمەش ئەنجامی هەمەجۆر بەیدەکرێت کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

**بەشی دووەم:** چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

**توێژگەی یەکەم:** شوێنەواری جەنگ لە مێژوودا

شارەزایان پێیانوایە جەنگ شتێک نیە هەبێت بەڵکو مرۆڤ دەبێتە هۆی دروستکردن و بەرپاکردنی، بە دیاردەیەکی دەروونی و ئاڵۆز و ترسناکی مرۆی هەژمارەدەکرێت و هەر لە بەراییەکانەوە هەبووە، بە تایبەت لەنێو ئەوانەی کە لەگەڵ یەک ناکۆک و لێکدژن، هەرچەندە لە ڕووی بونیاتی جەستەیی و (بایەلۆجی- Biology)ییەوە هیچ ئاماژە و ئامرازێکی توندوتیژی یاخود بەرگری لە جەستەی مرۆڤدا بەدیناکرێت بە بەراورد بە گیانداران، بەڵام مرۆڤ لە ڕێی ئامرازە (دەستکرد)ەکانییەوە ئەو کردەیە ئەنجامدەدات، بۆیە وەک بۆشاییەک بۆ ئەو لایەنە بەردەوام بیری لە دروستکردن و بەرەو پێشبردنی ئامرازە بەهێز و کاریگەرەکان کردۆتەوە لە شەڕکردنەوە گواستیەوە بۆ بەرپاکردنی جەنگی گەورە، کە مەبەست و شێوازی جیاواز جیاواز ئەنجامدەدرێت، هەروەها دەکرێت جەنگ لەنێو یەکەیەکی هاوبەشی وەک خێزانیشدا ڕوودات، لە کۆمەڵگەی جیاوازیشدا تەشەنە دەکات، واتا ئەگەری ڕوودانی ناکۆکی و کوشتن هەمیشە لەنێوان بێگانەکاندا زیاترە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە ماونەتەوە شارەزایان پێیانوایە: (مێژووی مرۆڤ مێژووی جەنگە). (online: unesco. Why war) بۆیە هەر لەبەراییەکانی مێژووەوە هیچ (کۆمەڵگا، ناوچە، وڵات، شارستانیەت) نیە داگیرکاری و جەنگی تێدا ڕوونەدابێت. گەر لایەنێکیش جەنگی نەکردبێت ئەوا جەنگی لەگەڵدا کراوە، هەندێک بۆچوون پێیانوایە بەرپا بوونی جەنگەکان لە بارودۆخ و دەرئەنجامی جیاوازی لایەنی (ئاینی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، ژینگەیی...هتد) دروستبوون.

هەروەها لە بەراییەکانەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جەنگ شوێنەواری نەرێنی و ترسناک و قورسی لە هزری مرۆڤدا بەرجەستەکردووە، واتا جەنگ کۆتای نیە بەڵکو سەرەتایەکە بۆ دروست بونێکی نوێ بە شێوەیەکی جیاوازتر لە پێشوو. بەپێی ئەو ئەزمونانەی جیهان بە خۆیەوە بینیوە و ئەوەی مێژوو دەیگێڕێتەوە ئەستەمە بیر لەوە بکرێتەوە سەدەیک جیهان جەنگی بەخۆوە نەدیبێت. گەر بپرسین داخۆ مرۆڤەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ جەنگ لە ئاشتیدا لەگەڵ یەک ژیاون؟ لەوەڵام و تۆمار و شوێنەواری جەنگە زۆرەکاندا وەڵامەکە نەخێر دەبێت، چوون پەیڕەوکردنی ئاشتی بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان مرۆڤەکاندا بەرەو جیهانێکی (یۆتۆپیا-Utopia) و خەیاڵیمان دەبات کە لە ڕاستیا بوونی نیە، بەڵگەش ئەوەیە کە تا ئێستاش جەنگەکان بەردەوامن و ڕۆژ بەڕۆژ بەرە و گەورتر و کارەساتبارتر دەڕۆن بەهۆی بەرەو پێشچوونی ژیار و ژیانی مرڤ، کە تێیدا بەریەک کەوتن و ڕووبەڕووبونەوە زیادیکردووە. بۆیە "جەنگ بە تێکدەرترین چالاکی مرۆڤایەتیی ناسراوە، مەبەست لێی بەکارهێنانی توندوتیژیە بۆ ناچارکردنی بەرامبەر بۆ خۆبەدەستەوەدان". (Bourke, Joanna. 2017,p392)ئەویش لە پێناو ئامانج و مەبەستی جیاوازدا. بۆیە (دنیس دیدرۆ-Dennis Diderot) پێیوایە: "جەنگ نەخۆشییەکی لە ناکا و قورس و خراپە بۆ سەر هەر گەلێک کە ڕووبەڕوی بێتەوە". (می یر، پیتر. ١٣٧١،ص٣٠) ئەستەمە بەخێرای کاریگەرییەکانی نەمێنێت. ئەو مرۆڤ و کۆمەڵانەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لە جەنگەوە تێوەدەگلێن بە سەربازەکانیشەوە کاریگەری جیاواز و خراپی لەسەریان دەبێت، دیارترینیان نەخۆشی دەروونی (تراوما-PTSD) (تراوما واتا شۆکی دەروونی لە ئەنجامی کردار و چالاکی و زەبر و کارەساتێک دروستدەبێت کە کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دروستدەکات و پەرە دەسێنێت بۆ نامۆی و گۆشەگیری و ترس و خەمۆکی و ڕەفتاری نامۆ. کە بەردەوام لە ترس و دلەڕاوکێدا دەژین. کە زۆرترین کات بەهۆی جەنگەوە ڕوودەدات. (فریشتە کەوە. ٢٠٠٨،ل٢٩-٣٩)) یە. گەر تەماشای سیاسەت و جوگرافیا (جیۆپۆلۆتیک-Geopolitics)ی زەوی بکەین ئەوا لە ڕێگەی جەنگەوە ڕێڕەوی ڕۆژگار و ڕوداوەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، لەوانە گۆڕین یاخود لەناوبردنی (کلتور، زمان، نەریت، ئاین...هتد) کە دواتر کلتوری داگیرکەر جێی گرتۆتەوە، یاخود کلتوری ئاوێتەی تێدا دروستبووە و کاریگەری لەسەر داگیرکراو و تەنانەت داگیرکەریش هەیە. هەروەک ئەوەی لە هەندێک ناوچەدا بۆتە هۆی لە ناوچوونی تەواوی بەشێک لە مرۆڤ یاخود هۆزێک. هەروەها گەر خوێندنەوە بۆ هۆکارەکانی جەنگ بکەین لە مێژوودا هاوشێوەی یەک نیە و فرەڕەهەندە، بە هۆی جیاوازی ئامانج و شێوەکانییەوە. شارەزایان ڕای جیاوازیان هەیە بۆ نموونە: (دیێرتیچ جون -Dietrich Jung) و (کلاوس شلیخت- Klaus Schlichte) نووسەر و لێکۆڵەری جەنگن پێیانوایە بۆ زانینی هۆکار و دیاردەی جەنگ لە مێژوودا دەکرێت "لە ڕێگەی خوێندنەوەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە دیاردەکانی جەنگ بگەین". (Jung, Dietrich & Schlichte, Klaus. 2003,p7-17) بە هۆکاری ئەوەی زۆربەی کۆمەڵگاکان لە ڕووی بیروباوەڕ و کلتورەوە لەگەڵ یەک جیاوازن. هەروەها یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکان بۆ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە و

جۆری جەنگ و ڕەهەندەکانی (شوێنەوار) و بەرهەمە (هونەرییەکان)ە کە لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە.


لەگەڵ ئەوانەشدا گرنگە جیاوازی لەنێوان (جەنگ و شەڕ)دا بکەین کە زۆرکات تێکەڵدەکرێن و وەک یەک بەکار دێن، بۆ نموونە (جەنگ) کارێکی ستراتیژی و تاکتیکە بەڵام (شەڕ) ڕووبەڕوو بونەوەیە، دەکرێت جەنگ ڕووبەڕوو نەبێت بەڵام شەڕ ڕووبەڕوو کردارییە، لە جەنگدا براوە دیاری دەکرێت بەڵام لە شەڕدا دیاری ناکرێت، ئەوەی گرنگە جەنگ ماوەکەی زۆرە دەکرێت لە مانگ و ساڵ زیاتربێت، بەڵام شەڕ ماوەکەی کورتە بۆ (کاتژمێر، ڕۆژ، هەفتە، مانگ)، هەروەها جەنگ لە چەندین شەڕ پێکدێت و زۆر گەورەترە. (ئۆنلاین: ڕزگار، محەمەد. ١-٧-٢٠٢١.کۆد٥٦٩٧)

ئەوەی لای شارەزایان جێی سەرسوڕمانە زۆرترین کات مرۆڤ پەنای بۆ جەنگ بردوە لە بەرامبەردا ئاشتیدا، ئەوەیش پێیانوایە بەهۆی (ئیگۆ- ego)ی تاک و کۆمەڵەوە پەرە دەسێنێت واتا خۆ بەگەورە زانی. (پیتەر هونت-peter hunt)ی مێژوونووس لە یاسا دێرینەکاندا پێیوایە "جەنگ هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی کۆنە، ئاشتیش داهێنانێکی نوێیە". (Hunt, Peter. 2010,Pxiii,317) بەو پێیە بێت لە کۆندا ئاشتی بەرپا نەبووە، تەنانەت لەسەدە نوێکانیشدا بە ئەستەم دێتە بوون و بۆتە ئەرکێکی قورس بەسەر مرۆڤەوە!.

لەنێو (کتێبی ئاسمان)یشدا ئاماژە بە سەرەتایترین ململانێ شەڕی نێوان مرۆڤەکان دراوە کە ( قابیل، هابیل)ی برابوون، بەهۆی خواست و داواکارییە ژیارییەکانەوە قابیل هابیلی برای دەکوژێت لەڕێی کەرەستەی سەرەتای و سروشتیەوە. تەنانەت لە ڕووی بابەتە (میسۆلۆجیەوە-Mythology)یە دێرینەکانەوە دەستپێکی ژیان لە نێوان (خوداکان)نیشدا بە ململانێ و کوشتن دەستی پێکردووە.

بۆیە شارەزایانی (مێژووی جەنگ) ئاماژە بەوەدەکەن کە (لە نێوان یەکەمین مرۆڤ و گرووپە سەرەتاییەکان لە جۆری (نیاندەرتاڵ-Neanderthal) و (هۆمۆساپینس-Homo sapiens)کان شەڕ و جەنگ هەبووە و چەندین سەدەی خایندووە تا لە کۆتاییا هۆمۆکان سەردەکەوتن بەسەر نیاندەرتاڵەکاندا و بە تەواوی لە ناودەچن). (Finlays on, Clive. 2009,p23) واتا ئەوە ڕەچەڵەکەی کە ئێستا هەیە و ماوەتەوە نەوەی هۆمۆکانن. لە سەرەتاشدا وادەزانرا نیاردەرتاڵەکان ئاستی بیرکردنەوە و زیرەکیان لەخوارەوە بووە بەڵام توێژنەوە نوێکان ئەوەدەردەخەن کە ئەوانیش خاوەن بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی خۆیان بوون و بە ئاگابوون، بەڵام بە بەراورد بە هۆمۆکان کەمێک لە دواتربوون. واتا بەپێی بەڵگە زانستییەکان و وتەی شارەزایانبێت ئەوان (سەردەمی پێش مێژوو و سەردەمی بەردین بە یەکێک لە سەردەمە تاریک و توندوتیژەکان هەژماردەکرێت کە لە پێشوتردا وا دەزانرا شەڕ و جەنگی تێدا ڕوویندەداوە). (Finlayson, Clive. 2009,p23) وێنەکانی )١، ٢) نموونەی ئێسکی نیاندەرتاڵە کە نیشانەی شکان و لێدان و بڕینی پێوەیە.کە بەهۆی بەکارهێنانی "ئامرازە تیژە سەرەتاییەکانی وەک بەرد و ئێسکی تیژ ئەنجامدراوە کە بۆ ڕاوکرن و پارچە پارچەکردنی گۆشت بەکاریانهێناوە، لە هەمانکاتیشدا بۆ شەڕکردن لە دژی یەک بەکاریانهێناوە". (Finlayson,Clive. 2010, P15) وەک وێنەی(٣). هەروەک ئەوەی (ڕۆنیکا پاوەر-Ronika Power)ی شوێنەوارناسی مێژووی جەنگ باس لەوەدەکات ئێسکەکان شوێنەواری شکاوی و ڕوشان و شوێن چەقۆی پێوەیە لە بەشی پێشەوە و لای چەپیەوە، (سەرچاوەی پێشوو) بەکورتی ئەو بەڵگانە چەند نموونەیەکن کە لەم سەدانەدا دۆزراونەتەوە پێدەچێت بەڵگەکان زۆر زیاتربن و پەی پێنەبرابێت، ئیدی مێژووی مرۆڤایەتی لە بەراییەکانییەوە هەڵگری شوێنەواری جەنگە لەسەر جەستەی یەکتر و ئاماژەگەلێکی ترسناک و کاریگەری لە خۆ گرتووە کە تا


ئەمرۆش ماوەتەوە. (Nature: 2016. volume 529, pages394–398)



وێنەی(١) ب٢. شوێنەواری لێدان و شکانی سەر ئیسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ.



وێنەی(٢) ب٢. شوێنەواری بڕینی سەر ئیسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ.



وێنەی(٣) ب٢.
بەشێک لە بەردەچەقۆی مرۆڤە دێرینەکان.

هەروەها لە سەدەکانی دواتردا لە نێوان وڵاتی (میسر) و (تیبسی) دێرین کە (سودان)ی ئێستایە گۆڕستانێکی بەکۆمەڵ لەناوچەی (جەبەل سەحابە-Jabal Sahaba) دوزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی (مێزۆلیتییک-Mesolithic)ی بەردینی ناوەڕاست و (١٣٠٠٠پ.ز) دەگەڕێتەوە. تێیدا (٦١) ئێسکە پەیکەری (پیاو، ژن، منداڵ) دۆزراوەتەوە لەنێو (٢٦) ئێسکە پەیکەریاندا پاشماوەی (تیر، چەقۆ) و چەکی سەرەتای دۆزراوەتەوە کە شوێنەواری (ڕوشان، شکان، بڕین) لەسەر ئێسکی بەشێکیان هەیە و دیارە کە بەوهۆیانەوە مردوون. (-Finlayson, Clive. 2010,p13) ئەوەش وایکرد شارەزایان بە سەرەتاییترین بەڵگەی جەنگی (ڕەگەز پەرستی-Racism) دابنێن لە نێوان کۆمەڵگاندا. (Scientific Reports: 2021. volume 11. Article:9991) هەروەها (تاگور-tagore)ی بیرمەند پێیوایە ڕەگەز پەرستی: "بەهۆی جیاوازی چینایەتییەوە ڕوودەدات، واتا گەر گروپێک هاوتای گرووپی بەرامبەر نەبوبێت لە نەژاد و بیروباوەڕدا ئەوا هەمیشە دەستدرێژی بۆ سەری زۆرتر بووە". (تاگور،رابیندرانات. ١٣٩٨ص٥٥) کێشەی چینایەتیش هێزی پاڵنەرە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگەی دابەشبوو بۆ چینە ناکۆکەکان کە زۆرکات بەهۆی جیاوازی: (ڕەنگی پێست، زمان، کلتوور، بیرورا، ژینگە، شوێن، ئاین...هتد)ەوە ناکۆکی دروستبووە.

شارەزایانی پێیانوایە سەرەتای ئەو ململانێیانەش لەپاش گۆڕانکارییە (جیۆلۆجی-Geology)ییەکانی زەوی و دابەزینی مرۆڤ لەبەرزایی و ئەشکەوتەکانەوە بۆ دەشتاییەکان ڕویدا و بووە هۆی گۆڕانکاری گەورە کە لە قۆناغی (ڕاوشکاری)ییەوە بەرەو قۆتاغی (کشتوکاڵ)ی و ماڵیکردنی (ئاژەڵ) ڕۆیشت کە ئەو ژمارە زۆرە ئیدی بە ڕاوکردن خۆراکیان دابین نەدەبوو بەدەر لەوەی ئەرکو توانایەکی زۆر و قورسی دەویست کە دەمێکبوو پێوەی سەرقاڵ بوو. ئیدی ژمارەی مرۆڤەکان زۆر زیادیکرد و بەریەککەوتنی زیاتر ڕویدەدا کە بووە هۆی گۆڕانی گەورەوەی کۆمەڵایەتی و جیابوونەوەی چینەکان. پاشان مرۆڤەکان هەوڵیاندا لەو ناوچەکاندا جێی خۆیان بکەنەوە کە بۆ ژیانکردن گونجاوبووە بۆیە لەسەر نیشتە جێبوونی دەبووە ناکۆکی. پاشان هەوڵیاندا بۆ ماوەیەکی زۆر خۆراکەکانیان کۆبکەنەوە و پارێزگاری لێبکەن تا بۆ وەرزە سەختەکان بەکاری بهێنن کە هەندێک ناوچە لێهاتوتربوون لە کشتوکاڵ و هەڵگرتنی خۆراکەکانیاندا بۆیە ئەوانەی بەو شێوەیە نەبوون هەڵیاندەکوتایە سەریان لە پێناو دەستگرتن بەسەر ئەو بەروبوومانەدا لە پێناو مانەوەیاندا. ئیدی لەوێوە پەلامار و دەستدرێژی بۆ سەر یەک بەخێرای تەشەنەیکردوو زۆربوو. هەروەک ئەوەی (ڕۆسۆ-russo) پێیوایە: "کاتێک مرۆڤ بووە خاوەنی موڵکی تایبەت و ئامێر ئیدی جیاوازی چینایەتی سەریهەڵدا و مرۆڤی کردە خاوەنی ڕق و کینە و ترس لە یەکتری". (بایزە،سالار. ٢٠١٩،ل٤). پێشیوایە "گواستنەوەی کۆمەڵگا لە دۆخی سەرەتاییەوە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی جیابوونەوەی چینەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا و ناکۆکی نێوان مرۆڤەکانی گەیاندە ترۆپک". (هەمان سەرچاوە) ئیدی زۆربەی کۆمەڵگاکان "دەستیانکرد بە ناوچە و سنور جیاکردنەوە لە نێوانیاندا تا لە پەلامار و دەستدرێژی یەک پارێزراوبن، دواتر بەردەوام پەرەیان بە ئامراز و چەکی شەڕکردن دەدا و پەلامارەکان بەرەو و گەورەتر ڕۆیشتن". (جمیل عبدوالواحید، کلسومة. ٢٠١٥،ل٣)

وەک ئاماژەی پێدرا زیاتر لە ڕێی شوێنەوارە دێرین و بەرهەمە هونەرییەکانەوە پەی بەشێوازی ژیانی پێشوو و جۆرەکانی جەنگ دەبرێت، هەروەها لای شارەزایان و مێژوونوسانیش بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت، گەر بگەڕێینەوە بۆ وێنە بەراییەکان لەنێو ئەشگەوتەکاندا بەدەر لەوەی بەشێکی زۆری دیمەنەکانی وێنەی (ڕاوکردنە) لە هەندێک ناوچەشدا دیمەنی (جەنگ)ی بەدیدەکەین، بەنموونە لە (ئەفەریقا) و باشووری (جەزائیر)ی ئێستا لەناوچەی (تاسیلی نعجەر-Tassili N’ Azdjer) مرۆڤە سەرەتاییەکان بەشێکی زۆریان لەوێ ژیاون، لە وێنەی(٥) نەخشەی ئەو ناوچەیە خراوەتەڕوو کە وێنەی جەنگی تێدا کێشراوە، بەنموونە وێنەی(٤) دیمەنی ڕاوکردنی مرۆڤەکانە بە شێوەیەکی سادە بەڕەنگی ڕەش و قاوەی تۆخ نەخشێنراوە، لە هەمانکاتدا ئاماژەکانی ناوشی ڕوونن، تێیدا کۆمەڵێک مرۆڤ ڕاودەکەن گروپێکیدیکەی مرۆڤ هەڵیان کوتاوەتە سەریان کە بەتەواوی لە شێوە و قەبارە و جلوبەرگدا لەیەک جیاوازن، بەدەر لەوەی چەند ئاژەڵێکیان کوشتووە چەند مرۆڤێکیش لەسەر زەوییەکە کوژراوە. هەروەها وێنەی(٦) ساتی ڕووبەڕووبوونەوەی دووگرووپی ڕەشپێستە لە نێو دەشتاییەکانی ئەفەریقادا بە (ڕم، تیروکەوان)ەوە. (Online: Risch,Roberto & Meller,Harald. Jun 2017) سەبارەت بە وێنەکان لەو کاتانەدا (هێربرت رید-Herbert Read) پێیوایە: "مرۆڤی سەرەتایی باوەڕی وابووە کاتێك ڕوداوێك بە زمانی سیمبولی نیشان دەدات ئەوا پێی وابووە توانای مسۆگەرکردنی ڕووداوەکەی دەبێت، بۆ نموونە ئارەزووی مرۆڤ بۆ ماڵیکردنی گیانداران و خستنە ژێر باریان، یاخود مەیلی مرۆڤ بۆ مەرگی دووژمن یان مەیلی مانەوەی پاش مردن". (هێربیرد ئێدوارد رید. ٢٠٠٧.ل ١٠٢) بۆیە شارەزایان پێیانوایە بە گشتی کۆمەڵگا دێرینەکان شەڕانگێزتر بوون بە بەراورد بە کۆمەڵگا نوێکان، کە لە سەرەتادا وادەزانر لەوکاتانەدا شەڕ و جەنگ بەرپا نەبووە. هەروەها بە پێی خەملاندنی شارەزایانبێت (ڕێژەی جەنگ لە کۆندا نزیکدەبێتە لە (٦٠٪) بە بەراورد بە جەنگە نوێکان کە لە (١٠٪) کەمترە"، (هـ، كيلي، لورانس. ١٩٩٧. ص٣٧)


پاش ئەوەی لە زۆربەی ناوچەکانی سەرزەویدا داگیرکاری و جەنگ ڕویدا و بڵاو بوویەوە لە سەدەکانی دواتردا "مرۆڤ توانی ئەسپ




وێنەی(٤) ب٢.نەخشەی شوێنی وێنە دێرینەکان.



وێنەی(٥) ب٢. ساتی ڕووبەڕووبوونەوە لەکاتی ڕاودا.



وێنەی(٦) ب٢. ساتی ڕووبەڕووبوونەوەی دووگرووپی جیاواز


ماڵیبکات و لە داگیرکاری و جەنگییشدا بەکاریبهێنێت، بە پشتبەشتن بە بەرهەمە کشتوکاڵییە هەڵگیراوەکان، کە یارمەتیدەربوو بەرەو شوێنە دورەکان برۆن بۆ داگیرکاری، هەروەها لە سەدەکانی دواتریشدا خۆیان خستە ناو دەریا و بەلەمیان دروستکرد، بۆ ئەوشوێنانەش بەکاریانهێنا کە لەڕێی وشکانییەوە نەیدەگەیشتێ". (جمیل عبدوالواحید، کلسومة. ٢٠١٥،ل٣). بەگشتی لە کۆندا "(١٤٠٠٠) هەزار جەنگ لە مێژوودا تۆمار کراوە بە نزیکەی (٤ملیار) مرۆڤی تیدا کوژراوە، کە دەکاتە (٣/٢)ی کۆی سەرجەم دانیشتوانی ئەمرۆی سەر زەوی". (بایزە،سالار. گۆڤاری یەکگرتن. ١٩٨٤،ل٦-٧)

هەوەها (کوردستان)یش وەک خاوەن خاک و شارستانێتییەکی دێرین هەمیشە لەنێو جەنگ و پەلاماردا بووە بە هۆی گرنگی ناوچەکانیەوە،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە دوای دەسەڵاتی مادەوە بەردەوام ناوچەکەی ئەمدەسەڵات و ئەودەسەڵاتی کردووە، هەوەرک ئەو داگیرکارییەی لە سەردەمی (عوسمانی، سەفەوی)دا ڕوویدا کە بۆ یەکەمینجار خاکی کوردستانیان کرد بە (٢) بەشەوە. (علی اکبر پوری بهنامی،محمد. ١٣٩٢،ص١١-١٥) پاشان کوردەکان دەستیانکرد بە شۆڕش لە پێناو یەکگرتنەوەی خاکەکەیان بەڵام بەخێرای کۆتاییان پێدەهێنرا و کۆمەڵکوژ دەکران، وێنەکانی(٧، ٨، ٩) لە سەدەکانی(١١)دا لە لایەن هونەرمەندە ڕۆژهەڵاتناسە دێرینەکانەوە دروستکراوە بە هێڵکاری بەڵگەی جوڵانەوە و شۆڕش و بەرخۆدانی کوردان بووە لە سەدەکانی پێشووشدا بەرامبەر داگیرکەران.


وێنەی(٧) ب٢. هێێلکاری شۆڕشگێڕە کوردەکان لە سەدەی ١١دا.


وێنەی(٨) ب٢. هێێلکاری میرێکی کورد لە سەدەی ١١دا.


وێنەی(٩) ب٢. هێێلکاری شۆڕشکێڕو میرەکوردەکان لە سەدەی ١١دا.

پاشان لە سەدەکانی دواتردا جەنگەکان گەروەبوون و هەموو ناچەکانی زەوی گرتەوە، (لە سەرجەم کاتی مێژووی نوسراوەوە هەر ساڵەو بەنزیکەی )٣) جەنگی گەورەی تیدا بەرپا کراوە، لە پەنجا ساڵی نێوان (١٨٩٨-١٩٤٧ز)دا (٥٥) جەنگ ڕوویانداوە، لە بیست ساڵی پەنجاکان و شەستەکاندا نزیکەی (٨٠) جەنگ و پێکداداني چەکداری ڕوویانداوە، لە ساڵی (١٩٤٥-١٩٧٠ز)دا زیاتر لە (٤٠) جەنگی گەورەو بچووك تۆمار کراون)، (Kluge, Alexander Kluge & Negt, Oskar. 4/2002, S. 491) هەروەها (جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم) دوو لە گەورەترین جەنگەکانی مرۆڤایەتین "هێندە کاریگەربوو نەخشەی جیهانی گۆڕی، بۆیە کورد و کوردستانیش بەدەرنەبوون لە کاریگەری و شوێنەوارەکانی کە بۆ دووەمین جار کوردستان کرا بە (٤) بەشەوە بەسەر ولاتانی دراوسێ و تازە دروستکراوی زلێهێزەکانەوە". (-Dahlman, Carl. 2002,p43) یەکێک لە لایەنە ترسناکەکانی ئەو دابەشکردنە سڕینەوە و سنوردارکدنی (ناسنامە، زمان، هونەر، کلتوور)ی کوردان بووە لە ناوچەکاندا، بۆیە جارێکیدیکە لەو کاتانەشەوە کوردەکان لە پێناو بەدەستهێنانەوەی خاک و مافەکانیان بەردەوام لە هەر چوار بەشەکەدا شۆڕش و ڕاپەڕینیان دەستپێکردوە، بەڵام بەزووی و بەتوندی کۆتاییپێدەهێنرا کپدەکرایەوە بەشێوەی (کۆمەڵ کوژی-genocide) تا دەگاتە سەدە نوێکان و دونیای ئەمڕۆشمان.

هەروەها جەنگە نوێکان هێندە گەورە کاریگەر و خێرا بوون بەهۆی پێشکەوتنی (پیشەسازی)ییەوە بە جۆرێک گەر لە سەدەکانی پێشتردا بە ماوەیەکی زۆر کۆمەڵکوژی و کاولکاری ئەنجامبدرایا ئەوا لەسەدە نوێکاندا بە ماوەیەکی زۆر کەم ئەنجامدەدرا، هەروەک ئەوەی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا لەڕێگەی ئاسمانەوە بە (فرۆکە) خەڵک کۆمەڵکوژکرا، جەنگی بردە قۆناغێکی مەترسیدار و کارەساتبارترەوە. لە وێوە ڕۆشنبیران و بیریاران ڕەخنەی توندیان لە جەنگ و ئەوشێوازە نوێیەگرت کە گڕی لە جیهان بەردابوو و هێندەیتر ئاڵۆزیکردبوو، هەروەک ئەوەی )بێرتران ڕوسیل (Bertrand Russell- دوای سەرهەڵدانی ئەو جەنگە لە زنجیرە وتارێکدا ناڕەزایەتییەکانی خۆی خستەڕوو و پێیوابوو جیهانی یەکەم کە جیهانی سەرقاڵکرد بەخۆیەوە، چ شتێک پاڵنەرە بووە بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی وەها گەورە؟ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان چۆن پاساو بۆ جەنگێکی وا دەێننەوە؟ ئایا تێچووی جەنگەکان چەندە و چۆن دابیندەکرێت؟ بەلای ڕوسیلەوە ئەو جەنگە (لە بنەڕەتدا بە شێوەیەکی ناعەقڵانی دروستبووە و لە ئیگۆی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتووە لەسەردەمێکدا کە بە پێشکەوتن و دەستکەوتەکانیانەوە دەیانازی، پێیوایە لە بنەڕەتدا هیچ هۆکارێکی گەورە نەبووە بۆ بەرپا کردنی ئەو جەنگە، هیچ ئامانجێکی گەورەی مرۆیی

لەپشتەوە نەبووە، ئەو دەڵێت هەرگیز لە پێشوتردا بەو شێوە و ڕێژەیەکی زۆر ل ەدانیشتووان بەشداریان لە جەنگدا نەکردووە، هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ سیاسەتی خراپ و بەکاربردنی میدا حکومیەکان بۆ بابەتی پروپاگەندە، کە ڕای گشتی پێ دەجولێنێت و ئاگری جەنگ خۆشدەکات لە ڕێی جولاندنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیەوە). (Russell,Bertrand. 1916,p10) لە کۆتایدا ئەوجەنگانە سەرچاوە و وزەی و مادەیەکی هێجگار زۆریان تێدا بەفیڕۆدرا و بەدەر لە وەی کە کاتێکی زۆریشی خایاندووە، پاشان بووە هۆی ئەوەی شوێنەواری (نائومێدی، ڕەشبینی، بێمتمانەیی، لادانی کۆمەڵایەتی...هتد) لە دوای خۆی جێبێڵێت بە ملیۆنان هاوڵاتی بێ ماڵوحاڵ بن، سەرەڕای تێکدانی (سروشت، ژینگە)ش هاوکات (بەهۆی پاشماوەکانی ئەو جەنگەوە لە بەکارهێنانی (چەکو تەقەکەنی گەورە و ناوەکی بووەهۆی کەمی خۆراک و پیسبوونی ئاوی خواردنەوە کە بۆنی لاشە بێشومارەکان وایکرد پەتای ئیسپانی بڵاو بێتەوە). (Willmott,H,P. ٢٠٠٣,P٩١) کە بوەهۆی مردنی ملیۆنان کەس.

بۆیە سەدە دوای سەدە شێوە و تەکنیکی جەنگەکان گەورەتر و کوشندەتر بوون هەروەک (کارل ڤۆن کلۆزێڤیتز Carl von Clausewitz) پێیوایە: "هەر سەردەمێک جۆرێکی جیاواز لە شەڕ و جەنگی هەیە کە لە سەردەمانی پێش خۆی ناچێت". (کلاوزفیتز،کارل فون. ١٩٧٦ص٧٣) کە کاریگەری و شوێنەوارەکانیشی جیاوازن. هەروەها (جۆن کیگان- John Keegan) شارەزای مێژووی جەنگ پێیوایە: "جەنگ دیاردەیەکی جیهانییە و شێوە و مەوداکەی لەلایەن ئەو کۆمەڵگایەوە دیاری دەکرێت کە دەیکات". (کیغان،جون. ١٩٩٣،ص٢١٣) بە پێی ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتووی وڵاتەکان دەگۆڕێت و جیاوازدەبێت. بە کورتی جۆرەکانی جەنگ لە سەدە مۆدێرن و نوێکاندا بریتین لە: جەنگی (سارد ، خێرا، سەرتاسەری، سنووردار، نائاسایی، ناوخۆی، کودەتا، ڕاپەڕین، کۆمەڵ کوژی خێرا، ژینگە، ئینتەرنێت، سایبر یان هێرشی ئەلیکترنی، بایۆلۆجی، ئاوی، ئەتۆم، دەروونی، هەواڵگری، پروپاگەندە، ڕاگەیاندن...هتد). هەروەها لەنێو یاخود لە دەرەوەی جەنگدا چەندین کرداری دیکەش بوونیان هەیە وەک: (تیرۆرکردن، ڕفاندن، کوشتنی هەڵە، برسیکردن و گرانی، نەخۆشی...هتد). (Ellison.Hank. 2007,p114-16)

هەروەها لە ژێر دەرئەنجامەکانی (جەنگی جیهانی دووەم)یدا پاش بەکارهێنانی چەکی (ئەتۆم) لە وتارێکیدا (ئەلبێرت ئەنیشتاین- Albert Einstein) لە ساڵی(١٩٤٧) دەڵێت: "نازانم جەنگی جیهانی سێیەم بە کام چەک دەکرێت، بەڵام دەزانم جەنگی جیهانی چوارەم بە دار و بەرد دەکرێت". (غوستاف یونغ، کارل. ٢٠١٥ص٧٧) مەبەست لە بەکارهێنانی هەموو هێز و توانای سەربازی و تەکنەلۆژییەکانی وڵاتانە لە جەنگەکانی داهاتوودا، وادەکات مرۆڤایەتی بگێڕێتەوە دواوە. سەبارەت بەبەردەوامی جەنگ لە نامەیەکیدا بۆ (سیگمۆند فرۆید-Sigmund Freud) دەڵێت: ئایا پرۆفیسۆر هیچ ڕێگەیەک هەیە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە هەڕەشەی جەنگ؟ بۆچی هەمیشە جەنگ؟ بۆچی هەمیشە هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی و ڕاگرتنی جەنگ ئەنجامی گەورەی نابێت؟ (online: unesco. Why war).

لە وەڵامدا (فرۆید-Freud) دەڵێت: (هەر لە سەرەتاوە ململانێی و بەرژەوەندی نێوان مرۆڤەکان بە توندوتیژی دەستی پێکردوە و چارەسەر کراوە، کە هەمان شتیش لە شانشینی ئاژەڵانیشدا هەیە و مرۆڤ لێبەدەر نییە، کە مرۆڤ بە هێزی ماسولکە بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات، پاشان لە ڕێگەی ئامرازە دەستکردەکان و چەکەکانەوە، بۆیە لە مێژوودا سەرکەوتوو ئەو لایەنە بوو کە باشترین یان زۆرترین چەک و ئامرازی هەبووە، هەرچەندە لەبەرامبەریشدا مرۆڤەکان دەتوانن ئامانجەکانیان لە ڕێی گفتوگۆ و ئاشییەتەوە بەدیبێنن، بەهۆکاری ئەوەی مرۆڤ بە بەراورد بە ئاژەڵ توانای هەڵبژاردنی هەیە لە نوێان جەنگ و ئاشتیدا). (الشبيني، جهاد. ٢٠١٩ص١٠-١٥) هەروەها (بنجامین فرانکلین-Benjamin Franklin) سەرۆکی دێرینی ئەمەریکا دەربارەی جەنگ و ئاشتی دەڵێت: "لە مێژوودا هەرگیز شەڕێکی باش ڕووی نەداوە و ئاشتییەکی خراپیش ڕووی نەداوە". (A,Jenner, Daryl. 2014,p1) بەڵام هەمیشە و زۆرترین کات بەنا بۆ جەنگ دەبرێت لە بەرامبەر ئاشتی.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## تەوەرەی دووەم:

## گوزارشت و ڕەهەندەکانی شوێنەواری جەنگ لە نێو جۆرەکانی هونەری بینەیدا

لە سەدە دێرین و سەدەکانی دواتردا زۆر بەرهەمی هونەری دروستکراوی تایبەت بە جەنگ لە شێوەی (پەیکەر، سیرامیک، دیواربەند) دروستکراون لە ژێرکاریگەری (دەسەڵات، ئاین، کلتور)دا، واتا ئازادی تێدا نەبووە تاوەکو سەدەکانی دواتر و شۆڕشی (ڕێنیسانس) کە کاریگەرییەکانی جیهانی گرتەوە تا ڕادەیەک ئازادی لای هونەر و هونەرمەند بەدەستهات بەڵام سنورداربوو بۆ نموونە ئەو کارانەی لە بەرژەوەندی دەسەڵات و ئایندا نەبوونایە ڕەتدەکرانەوە، بە پاساوی ئەوەی کە بابەتەکانیان خزمەتی دەسەڵات ناکات یاخود بە نائەخلاقیان لەقەڵەم دەدا. هەروەک ئەوەی دەسەڵاتدار و ڕیفۆرمخوازی ئاینی (جیرۆلامۆ ساڤۆنارۆلا-Girolamo Savonarola) لە ئیتالیا هەندێ بەرهەم و کاری ڕۆشنیران و هونەرمەندانی سوتاند و سزای بۆ دەرکردن لەوانە کارەکانی هونەرمەند (بوتيشيللي-Botticelli) کە بەشێکی لە ناوبردن و سوتاند. (نصر، أمل. مجلة الكلمة العدد٦٩،يناير٢٠١٣)

زۆرکات لە سەدە نوێکاندا پرسیاردەکرێت دەربارەی کە ئایا هونەر ڕۆڵی چییە لە ناو جەنگدا؟ یاخود دەتوانێت لە کاتی جەنگەکاندا ببێت بە ئامرازێك بۆ دەرخستنی دیوە تاریک و نەبینراوەکانی؟ یان ڕاستییە نەبینراوەکان بگەیەنێت بە مرۆڤ؟ یاخود تەنیا ڕووکەش و چێژە؟ هەروەها پرسیاردەکرا دەربارەی ئەرکی هونەرمەند لە کاتی جەنگ و کێشە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا؟ لە وەڵامدا بیریاران پێیانوایە هونەر بە ئەندازەی فەلسەفە گرنگ و کاریگەرە لە وروژاندنی پرسیارەکاندا، دەتوانێت بەخێرای بگاتە بینەر و سنوورەکان تێپەڕێنێت، بەو پێیەی زوبانێکی گشتی و جیهانییە و هەمووان دەتوانن لێی تێبگەن، (هیگڵ-Hegel) لە ئەرکی هونەرمەندا دەڵێت: "هونەرمەند جگە لەوەی جوان ناسە، دەبێ بە ئاگابێت لە ڕاستییەکان و ئەو لایەنەی درکی پێدەکات وەک خۆی بیگوازێتەوە بۆ بینەر وەرگر". واتا ڕاستییەکان دەربخات. لای (کانت-kant)یش کاری هونەری پەیوەندی بە: "درکاندن و توانای هونەرمەندەوە هەیە لە دەرخستنی ڕاستی و ڕەهەندەکان بۆ بینەر و ڕای گشتی". ( قوباد،سەنگەر. ٢٠١٩،ل٣) پێشیوایە هونەر دوورە لە هەر خەسڵەتێکی سودمەندی و چێژی بایەلۆجییەوە. هەروەک ئەوەی (تۆلستۆی-Tolstoy) و (بێرناردشۆ-Bernard Shaw) هاوڕایبوون. واتا ئەوان لە بەرامبەر هونەردا جەخت لە لایەنی هۆشیاری (کۆمەڵایەتی) دەکەنەوە ئەوەش خەسڵەتێکی گەورەیە بۆ هونەر، پێیانوایە هونەرمەند دەبێت بە کارەکانی پانتاییەك بۆ تێفکرین و تێڕامان دروستبکات لای وەرگر لە کاتی کێشە و کەموکورییەکاندا، واتا هۆشیاری بڵاو بکاتەوە و ڕاستییەکان نیشانبدات. هەروەک ئەوەی (جۆرج لۆکاچ-György Lukács) پێیوایە :"بەرهەمی هونەری بێجگە لە پیشاندانی ڕاستییەکان ئاسۆی ڕاستییەکان دادەڕێژێت و ئاراستەیاندەکات و بنەمای فاکتە وەستاو گۆڕاوەکان پیشاندەدات".

(لوكاتش،جورج. ١٩٨٥،ص٢٠٦-٢٠٧) واتا کار لەسەر ئاسۆکان دەکات و ڕاستییە وەستاوەکان دەگۆڕێت و ڕاستی گۆڕاو دەخاتە شوێنیان. یانی (هیگڵ) وتەنی: "هونەر ڕاستییەکان دەخولقێنێتەوە". پێشیوایە: "هونەر تەنها کاتێك بەمەبەستی خۆی دەگات لە دیاردە تایبەتەکاندا پرسی گشتی و پێویستی عەقڵانی ئاشکرابکات و گشتییەتی نادیاری دیاردەکان لەگەڵ گشتییەتی بەرهەستی دیاردەکاندا دەربخات". (بیزر، فردریک ١٣٩١،ص٧٣) هەروەها (چرنیشۆفسکی-Chernyshevsky) پێیوایە: "هونەر وزەیەکە بۆ گەشەکردنی هۆشیاری، لە ڕێگەی ئەم گەشە هۆشیارییەوە دەکرێت فەرهەنگیش ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت، نەك لە چوارچێوەی فەرهەنگدا بیر لە گۆڕینی هونەربکرێتەوە". لەگەڵ ئەوشدا ئەرکێکی دیکەی خستۆتە سەر شانی هونەر ئەویش "بەرنگارییە دژی سیستەمی دەسەڵات و سیاسەت پێیوایە هونەری ڕاستەقینە هەرگیز ڕووبەری کارەکانی ناخاتە خزمەت ئەو دوو سیستمەوە، بەڵکو دژیان دەوەستێتەوە، وەک کردەیەکی بەرگریکارانە لە پێناو ڕاستیدا". واتا هونەر نابێت لە ئاستی (پڕووپاگەندە)دا بێت بە تایبەت لە نێو سیاسەت و دەسەڵاتدا. (گرامشی-Gramsci) پێیوایە: "هونەر خەباتە بۆ ژیان و دیدگای نوێ". لەگەڵ ئەوەشدا بیر لە گۆڕینی هونەریش دەکاتەوە لە پێناو گۆڕینی کۆمەڵگا و کلتوردا، بەرەو ڕووی ڕاستییەکان. (آدورنو،تئودور. ١٣٩٥،ص ٥٣)

بە گشتی بەرجەستەکردنی جەنگ و ڕەهەندەکانی لەنێو بۆتەی یەک کاری هونەریشدا ئەستەمە، بۆیە بە چەندین شێوە گوزراشتی

لێکراوە و کاری لەسەرکراوە، لە سەدە نوێکانەوە بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان وەک پرەنسیپێکی هزری و ئەخلاقی بە شێوە و دیدگای جیاواز رووبەری کارەکانیان کردۆتە بڵندگۆی رەتکردنەوەی جەنگ، ئەوەی لە گوتاری بینەیی کارە هونەرییەکانیاندا دەریان خستووە شوێنەوارەکانی جەنگە، بۆیە بەرامبەر ئەم بابەتە گرنگە هۆشیاری هونەرمەندیش پێویستە لە پێناو بەرجەستەکردن و خستنە رووی ئەو دۆزە دژوار و قورسەنکە جەنگ دروستی دەکات، تا بتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو گوزارشتی لێبکات، بەو پێیەی هونەر دەرخەری دووانەی (خێر، شەڕ) ، لە توانایدایە ڕاستی بەیان بکات، چوون رووبەرێکە هوشیاری تێیدا باڵادەستە و دەرك بە نەبینراوەکان دەکات، واتا دەتوانێت بەرهەمەکانی بخاتە پێش چاو بینەر و لە یادگەیدا بمێنێتەوە.

کارە جەنگییەکان دێرینەکان لە کۆن و سەردەمی شارستانێتییەکاندا زیاتر پەیکەر و سیرامیک و دیواربەند بوون بە شێوەیەکی سادە و دوو دووری بەرجەستەدەکران، لە سەردەمی کلاسیکیشدا شێوازی کارکردن لەڕووی (بەربینە، توێکاری، رەنگ)ەوە گۆڕانی بەسەرداهات بە سود وەرگرتن لە شێوازی کارکردنەکانی پێشتر، هەروەک لە پەیکەرەکاندا دەردەکەوێت یاخود لە دیواربەندە بەمۆزایک کەی (ئەسکەندەری مەکەدۆنی-Alexander the Great) نەخشێنراوە، تەکنیک و شێوازی کارکردنی بردە پێشەوە، لە سەدەکانی کانی ناوەڕاستیشدا هونەرمەندە (فلۆرنتین-Florentine)ییەکان لە بەراییەکانی (ڕێنیسانس)دا لە ئیتالیا زیاتر تەکنیکی کارکردنیان بردە پێشەوە، هەرچەند بەشێکی زۆر لە کارە جەنگییەکان هاوشێوەی سەردەکانی پێشوو لە ژێر خواستی دەسەڵاتدا کراوە، تاوەکو وەک شانازییەک بمێنێتەوە و وەک پروپاگەندەیەکیش دوژمنانی پێ چاوترس بکەن. هونەرمەند (پاولۆ یوکلیلۆ-Paolo Uccello) لە ساڵی(١٤٣٥) کارێک لەسەر داواکاری دەسەڵات ئەنجامدەدات، بە شێوەی ڕیالستی گرنگی داوە بە (توێکاری، بەربنە، رەنگ) و بە شێوەیەکی (دراماتیک-dramatic)ی جوڵە و فیگەرەکانی بەرجەستەکردووە، باس لە جەنگی ناوخۆی هێزی (فلۆرەنسا-Florentine) و (سیینا-Sienese) دەکات، بەجەنگی (سان رۆمانۆ-San Romano)ش ناسراوە ئەوکار و شێوازانە بوونە بناغەیەک کە هونەرمەندانی دوای خۆیان لەسەری رۆیشتن و پێکهاتەی کارەکانیان پێشخست. بەگشتی کارەکە لە (٣) تابلۆ پێکهاتووە بۆ دەرخستنی کاتە جیاوازەکانی ئەو رۆژەی جەنگەکەی تێدا ڕویداوە وێنەی(١٠) کاری یەکەمە کە دەسپێکی جەنگ لە دەمەو (بەیان)دایە لە نزیک دەشتای و



وێنەی(١٠) ب٢. کاری پاولۆ یوکلیلۆ ساڵی ١٤٣٥ کاتی جەنگ دەمە و بەیان.



وێنەی(١١) ب٢. کاتی جەنگ دەمە و نیوەڕۆ.



وێنەی(١٢) ب٢. کاتی جەنگ دەمەو ئێوارە

کێڵگەکان نیشاندەدات. وێنەی(١١) جەنگ لە کاتی (نیوەڕۆ)دایە، هەردوولا زیاتر نزیک بونەتەوە لە یەک و کوژراو بریندار لەسەر زەوییەکەن. وێنەی(١٢) کاتی جەنگ دەمەو (ئێوارە) و هێزەکانی فلۆرەنس وەستاون و سەرکەوتوو بوون. (Pertici,Petra. 2011,p82)

لە سەدەکانی دواتردا هونەرمەندان زیاتر دەستکراوەتربوون بۆ نموونە هونەرمەندە (فلاندەرز-Flanders)ییەکان لە بەلجیکا بە سودوەرگرتن لە کاری هونەرمەندە ئیتالییەکان لەوانە (دافینشی-Da Vinci) تەکنیک و نوێگەریدا و زیاتر کارکردنیان بەرەوپێشەوە برد، توانیان لەسەر (قوماش) کاربکەن بە رەنگی رۆنی ئەوەش لەبەر کەمکردنەوەی قورسایی کارە گەورەکان بووە تا ئاسانبێت بۆ گواستنەوە، هەروەها بەردەوام ناوچەکانیان لە جەنگ و داگیرکاریدا بووە، ئەوەش وایکرد جەنگ ببێت بە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی کارکردنیان

و دیمەنەکان وەک خۆی بگوازنەوە و لایەنگیری تێدا نەکەن، کاریان لەسەر گواستنەوەی دیمەن و ڕووداوەکان کردووە، وەک کارەکانی هونەرمەند (سێباستیان ڤرانکس-Sebastian Vrancx) کە لەساڵی(١٦٠٠)دا کارێکیکردووە بە ناوی جەنگی (تەپۆڵکەکان-Dunes) لە بەلگیوم وەک وێنەی(١٣) کە دیمەنی جەنگێکی ئاڵۆزە و سەرباز و ئەسپێکی زۆری تێدا دروستکردوە و لە ڕووی بەرپینە و تونێکاری و ڕەنگەوە دارشتنەوە هەنگاوێک لە کارکردنی بردۆتە پێشەوە. (Timmermans,Bert· 2008, pp243–245)



وێنەی(١٣) ب٢. کاری سباستیان ڤرانکس
ساڵی ١٦٠٠ بە ناوی تەپۆڵکەکان

هەروەها هونەرمەند (پیتەر سنایرزەر-Peter Snayers) لە زنجیرەیەک کاریدا دیمەنی تاڵانکاری و دەستدرێژی و ڕەشەکوژی چەکدارە سوارەکانی نیشاندەدا کە بەردەوام هەڵیان دەکوتایە سەریەک وەک وێنەی(١٤) کە هێزە سوارەکان هەڵدەکوتنە سەر ناوچەکان و تاڵانی دەکەن و ئاگر لە خانووەکان بەردەدەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر ئافرەتەکانیان. هەروەها هونەرمەند بە شێوازی کارکردنی لە (تۆپۆگرافیا-Topography)ی زەویشدا ناسراوە لە ڕووی بەرپینەوە دیمەنەکانی لە (چاوی باڵندە- The bird's eye)وە وێناکردووە وەک وێنەی(١٥) لەساڵی(١٦٢٠) کێشراوە، وێنای جەنگی (٣٠) ساڵەی ناوچەکانی (چیای سپی-White Mountain) دەکات کارەکەش بەو ناوەوە ناونراوە، تێیدا سوپاکانی (چیک) بەرامبەر ئیمپراتۆر سوپای (فێردیناندی دووەم- Ferdinand II)ی (نەمسا)ی وەستاون بە هێزێکی هێجگار زۆر و گەورەوە لە دەشتاییەکاندا ڕووبەڕووی یەکبوونەتەوە، شارەزایان پێیانوایە ئەو جەنگە چارەنووسی ئەوروپای
گۆڕی لەدەست دەسەڵاتی ڕۆمای کۆن و نەمسا. (Guthrie, William, P.2011,p134)



وێنەی(١٤) ب٢. کاری سێباستیان ڤرانکس ١٦٠٠.



وێنەی(١٥) ب٢. کاری پیتەر ١٦٢٠. وێنەی(١٧)
ب٢. پیتەرە ١٦٢٠

هەروەها لەگەڵ بوونی ئەو ئازادیەی کە لەو سەدانەدا دروستبوو بۆ کارکردن بەڵام هەموو هونەرمەندانی نەگرتەوە ئەو ئازادییە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر جیاواز بوو، هەندێک هونەرمەندیش لە سەر خواستی خۆیان لە بەرامبەر بڕە پارەیەکدا کاریان بۆ دەسەڵات

کردووە، بۆ نموونە لە فەرەنسا و سەردەمی (ناپلیۆن-Napoleon)دا هونەرمەندانی وەک: (نیکۆلاس تۆسەنت شارلێت- Nicholas Toussaint Charlet، جاکوس لویس دەیڤد-Jacques Louis David، ئانتوان جین گرۆس-Antoine Jean Gros، ئێرنست میسۆنیەر- Ernest Meissonier ...هتد) کاریان لەسەر سەرکەوتن و شکۆی کردووە، وەک وێنەی(١٦) کاری هونەرمەند (ئانتوان جین گرۆس- Antoine Jean Gros)ە لەساڵی(١٧٩٩) کارێک دەکات بۆ جەنگی (ابوکیر-ابوقر) لە نێوان هێزی ناپلیۆن و هێزی عوسمانی، لە نزیک سوریای ئێستا لەکاتی گەڕانەوەی لە داگیرکرای میسردا، لەناوەندی کارەکەدا ناپلیۆن بەسوار ئەسپە سپییەکەیەوە بەرزبۆتەوە هێزەی عوسمانیەکانی تێکشکاندوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستی بەرز کردۆتەوە بۆ بەشی پشتەوە کە (ئەهرامەکان)ی میسر نیشاندەدات وەک هێمایەک بۆ داگیرکاری و دەسەڵاتەکانی لەو ناوچانەدا. (LEIGH GIMBLETT, JENNIFER. 2011,p3)

هەروەها لە سەدەکانی دواتردا (فرانچیسکۆ گۆیا-Francisco Goya) بە یەکێک لە هونەرمەندە پێشەنگەکانی ئەم لایەنە دادەنرێت، بەتەواوی ڕەهەند و شوێنەوارەکانی جەنگی نیشانداوە و وێناکردووە و کاریگەری گەورەی کردە سەر هونەرمەندانی دوای خۆی، "لە کارە هونەریەکانیدا دەستی لەوە نەپاراستوە کە دیوە ناشیرین و دڕندانەکانی مرۆڤ نیشانبدات، بە تایبەت کارەکتەرە سیاسیە و دینییەکانی لە شێوەی ئاژەڵدا نەخشاندوە و وەک گەندەڵ تەماشایی کردون". (علی، بەختیار. ٢٠٠٦،ل ١٣٥) لە نجیرە کارێکیدا وەک وێنەی(١٧) یەکێک لە کارە ڕەنگکارییە دیارەکانی بە ناوی )سێی ئایار –The third of may) یاخود (لە سێدارەدانی شۆڕشگێران) لە ساڵی(١٨٠٨)دا دروستکراوە دیمەنی داگیرکاری (فەرەنسا) نیشاندەدات بۆ سەر وڵاتەکەی (ئیسپانیا)، بەشێوەیەکی دڕندانە خەڵکەکەی کۆمەڵکوژکران، هونەرمەند وەک شایەتحاڵێک دیمەنەکانی نیاشنداوە کە دوای دووسەدە بینەر لە تەماشاکردنیان توشی شۆکی دەروونی



وێنەی(١٦) ب٢. کاری ئانتوان جین گرۆس ساڵی ١٧٩٩



وێنەی(١٧) ب٢. کاری گۆیا بەناوی سێی ئایار ١٨٠٨

دەبێت. (International-review: Bouvier, Paul. Vol 93, Num884, December 2011) وێنای کۆمەڵێک شۆڕشگێڕ و هاوڵاتی ئاسایی دەکات، لەلایەن سەربازەکانی ناپلیۆنەوە ڕیزکراون و لە شەودا گولەباران دەکرێن، لە سەنتەری کارەکەدا کەسێک بە کراسێکی سپی و یەخەی کراوەوە دەستی بەرزکردۆتەوە و هاواردەکات، هێمای بێتاوانی دەردەخات، دەستێکی ڕوو لە بیناو ئاوەدانییەکی دورە و دەستێکیشی ڕوو لە دەشتای و چۆڵەوانییە، وەک ئاماژەیە بۆبێتاوانی و کوشتنیان لەو چۆڵەوانیەدا، دەرچوونی ڕوناکییەکە لای چەکدارەکانەوە بەرەورووی قوربانیەکان ئاماژەی داگیرکرای و بڵاوکردنەوەی تیرۆر و کوشتنی بەکۆمەڵە بۆ سەر ئەوناوچانە، لە تەنیشتیدا چەند کەسێکیتر بە ترسەوە وەستاون دەستیان بە گوێیانەوەیە و لە چاوەڕوانی مردندان، لە بەردەمیاندا چەند قوربانییەک کەوتوون و سەرو ڕوخسار و خوێنەکانیان تێکەڵ بە زەوییەکە بووە وەک ئاماژەیەک بۆ ڕژانی خوێن لە پێناو ئازادی و نیشتمانیاندا، هەروەها ئەوکارە وەک مۆنۆمێنتی جەنگ و


داگیرکاری و کۆمەڵکوژی تەماشادەکرێت. کە دواتر بووە ئیلهامی کاری چەندین هونەرمەندی دیکە بەڵام بە ناوەڕۆک و مانای جیاوازەوە ئەوانیش: (مانێ-Manet، پیکاسۆ-Picasso، ئۆتۆدێکس-Autodex، بۆردمان ڕۆبنسن-.Boardman Robinson). (Thomas,Hugh (1973,p66

هەروەها بۆ دووەمین جار (شۆڕشی فەرەنسا) ئازادی نوێکردەوە کە بەرەو لە ناوچوون دەچوو هونەریشی گرتەوە، لە ساڵی(١٨٣٠)دا هونەرمەندی (ئۆژین دێلاکروا-(Eugene Delacroix کارێک بۆیادی ئەو شۆڕشە دەکات، بەناوی (ئازادی پێشەوایەتی گەڵدەکات-Liberty Leading the People) و بەتەواوی شوێنەوارەکانی ئەو شۆڕش و جەنگە نیشاندەدات، وەک وێنەی(١٨) بە شێوازی (ڕیالیزم، ڕۆمانتیک، سیمبولیزم) کاری تیاکردووە، دیمەنی شەڕ و وێرانەی ناوخۆی ئەوکاتانەی فەرەنسا نیشاندەدات، دوکەڵ و ئاڵۆزی کارەکەی پڕکردۆتەوە، لە سەنتەری کارەکەشدا خانمێک " بەسنگ و بەرۆکی ڕووتەوە چەک و ئاڵای وڵاتی فەرەنسای بەرزکردۆتەوە کە هونەرمەند چەمکی (ئازادی) لە شێوەی ئەو ئافرەتەدا بەرجەستەکردوە بە ڕوخسارێکی گریکیانەوە". (khan Academy: Zygmont, Bryan. ٢٠١٥) و گەڕانەوە بۆ یاسا کلاسیکییەکان لیبرتی لە چەقی کارەکەدا لەسەر چەند قوربانیەکی ڕووت هەنگاودەنێت بۆ پێشەوە و تەماشای دواوە دەکات کە لە چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵگا پێکهاتوون مێردمنداڵێکیش لای دەستەڕاستیدا چەکی هەڵگرتوە و هاواردەکات کە هێمایی تێکچوونی کۆمەڵگایە، لە دەستە ڕاستییەوە وێنەی کەسایەتی هونەرمەند کێشراوە بە جلوبەرگی فەرمییەوە کە چەکی پێە وەک پشتگیرییەک لەو شۆڕشە و ڕۆژانی دواتر هونەرمەند دەڵێت: "گەر شۆڕش و شەڕ بۆ وڵاتەکەشم نەکەم ئەوا بەلایەنی کەمەوە وێنەی بۆ دەکێشم". (الجزیرةنت: مسعد، هند. ٢٠١٧/٤/١٦) لە بەردەمیشیدا ژنێک هانای بۆ بردوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوقوربانییەی کە گەل داویەتی و ڕەنگی جلو بەرگەکانی هاوشێوەی ئاڵای فەرەنسایە.

هونەرمەندی (ڤاسیلی ڤێرەشچەگین -Vasily Vereshchagin) لە ساڵی(١٨٧١)دا کارێک دەکات بەناوی (داهاتووی جەنگ-The Apotheosis of War) پاش ئەوەی دەستەڵاتی (یەکێتی سۆڤیەت) لە کاتی داگیرکاریکانیدا کۆمەڵکوژیان ئەنجامدەدا لە (تورکمانستان)، هونەرمەند وێنای ئەو جەنگە دەکات تێیدا هەرەمێکی لە کە لە سەری مرۆڤ دروستکردۆتەوە وەک وێنەی(١٩) کە وێنای ئەو مرۆڤانە دەکات لەوێ سەربڕاون و لە نێو خاکێکی چۆڵ و سوتاوی دوای جەنگدا دانراون، هیچ ئاماژەیەکی زیندوی تێدا بەدیناکرێت جگە لە قەلەڕەشەکان، کە لە وێدا سەروڕوخساری مرۆڤەکانیان لە گۆشتەکەی پاککردۆتەوە و تیشکی خۆر ئێسکەکانی سووتاندوە، لە دورەوەش دیمەنی بینایەکی ڕوخاو کێشراوە وەک ئاماژەیە بۆ وێرانکاری و چۆڵەوانی لەو ناچانەدا کە هەموو دارەکانی وشک و سوتاون وەک ئاماژەیەک بۆ نەمانی ژیان لەونتوچەیەدا لە هەمانکاتیشدا بۆ دەرخستنی هێزی لە ناوبەری جەنگ. هونەرمەند لە یە کێک لە



وێنەی(١٨) ب٢. کاری دێلاکروا ساڵی ١٨٣٠



وێنەی(١٩) ب٢. کاری ڤاسیلی ڤێرەشچەگین ساڵی ١٨٧١

یاداشتەکانیدا نوسیویەتی: "مرۆڤەکان هەموو شتێک دەکەن لە پێناو ئەوەی یەکتری بکوژن". هەروەها دەشڵێت: "تکایە لەم تینوێتیە ترسناکەی جەنگ بوەستن، ڕەنگە لە جەنگەکانی داهاتودا سەری ئێمەش لە ناو هەرەمێکی ئاوادا دەربکەوێت". (P٢٤,٢٠١٢.Michalak,Jacek) لە کۆتایدا ئەم تابلۆیەی پێشکەشکردوە بە هەموو دەستەڵاتە داگیرکەرە گەورەکان لە (ڕابردو، ئێستا، داهاتوو)دا و دەبێتە مۆنۆمێنتی کۆمەڵکوژی گەورە.

هەروەها لە سەدە نوێکاندا و لە جەنگی جیهانی دووەمەوە جارێکیتر هونەر لە لایەن دەسەڵاتەوە (تۆتالیتار- Totalitarian)ییەکانی وەک (ناپلیۆنیزم، هیتلەریزم، ستالینزم، لینینزم، مۆسۆلۆنیزم...هتد) کەوتەوە بەر سانسۆر و بەتوندی دژی ئەو هونەر و هونەرمەندانە وەستانەوە کە لە بەرژەوەندی ئەواندا کاریان نەدەکرد بەجۆرێک "دەستەڵاتی سۆسیالیست هەوڵیدا هونەری (پابەند) بە ئایدۆلۆژیاکەی لای هونەرمەنداندا بسەپێنێت و داوایدەکرد لە ڕێگەی بانگەشە و پروپاگەندە خزمەتی دەسەڵاتەکەیان بکەن"، (رمضان بسطاويسي، محمد. مج ١١, ع ١. ٢٣ – ٣٦. ١٩٩٢) هەروەک ئەوەی "لە کاتی فەرمانڕەوای و دەستەڵاتی لینین و ستالیندا هونەر بەکارهێنرایەوە بۆ خزمەتکردنی سیاسەت و ئایدۆلۆژییەکانیان، ئەو دوو سەرکردەیە ڕۆڵیان هەبوو لە بەکارهێنانی هونەر و دژی هونەری سەربەخۆ وەستانەوە، واتا هونەریان بە سیاسیکرد لە شێوازی (ریالیزمی سۆسیالیزم)یدا"، (سمير عبد الباقي، فيروز. ٢٠٠٧، ص١٧٩) کاریگەریان لەسەر هەندێک هونەرمەند دروستکرد بۆیە چەندین کاریان لەسەر دروستکراوە کە شکۆی سیاسی و هزری ستالین و لینینیان دەرخستوە، هەروەها ئەو هونەرمەندانەی کە لەسەر خواست و بەرژەوەندی ئەوان کاری نەدەکرد جیان نەدەبووە و هەڵدەهاتن بۆ وڵاتانیتر یەکێک لەوانە هونەرمەند (کاندنسکی-Kandinsky) بوو کە بەرەو (بەرلین) ڕۆیشت هاوشێوەی (شاگاڵ-Chagall) کە بەرەو فەرەنسا ڕۆیشت...هتد.

بە گشتی لەدوای جەنگە جیهانییەکانەوە هونەرمەندان بە تەواوی ئازادبوون لە دەسەڵات و سیاسەت، زیاتر بەرەو کاری نوێی چەمگەرای ڕۆیشتن و بەشێکیشیان بەهۆی جەنگەوە کوژران و کۆچیانکرد بەرە و (ئەمەریکا) بەو پێیەی لەناوەندەکانی جەنگەوە دووربوو، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک پرسیاریان وروژاند لە کارەکانیاندا و کەرەستە جەنگییەکانیان بەکار دەهێنایەوە تا بینەر بگێڕنەوە دۆخی جەنگ.

لە سەدە نوێکاندا هونەرمەندی هاوچەرخ (ئەنسلێم کیفەر-Anselm Kiefer) بە گشتی کارەکانی تەرخانکردوە بۆ بابەتی جەنگ و شوێنەوارەکانی، هەروەک ئەوەی کە کەرەستە جەنگییەکان بەکار دەهێنێتەوە لە کارەکانیدا، (ویلیام کوک-william cook)ی نوسەری گۆڤاری هونەری دەڵێت کارەکانی کیفەر ڕەنگدانەوەی جەنگی جیهانی دووەمی تێدایە و پێیوایە "دیمەنی شارە بۆردومانکراوەکانی ئەوکاتانە وەبیر بینەردا دێننەوە کە شێوەیەکی ترسناک و خامۆشی هەیە، دەشڵێت هەرچەندە کارەکانی دڵتەزێنە بەڵام وەک هونەرێکی گەورە وا دەکەن ئەو دیمەنانە لە بیر بینەردا بمێنێتەوە". هەوەرها (شاما - Shama) دەڵێت: "دیمەنە فراوانەکانی هونەرمەند کە ژینگەیەکی پیس و دوکەڵاوییە کە پەیژە و ڕێگا و هێڵەکانی شەمەندەفەری تێدایە و لە ئاسۆدا ونبوون، هێمای ونبوونی مرۆڤە لەو دۆخانەدا". (BBC :online. ٢٥ April ٢٠١٨) وەک وێنەی(٢٠). هەروەها لە پێشەنگای (جەنگ و ئەفسانە-War and mythology)یدا لەساڵی(٢٠١٦) لە گەلەرییەکدا (فرۆکە)یەکی جەنگی ئەڵمانی نمایشکرد وەک وێنەی(٢١، ٢٢) پاش ئەوەی لە دەرەوە هەڵدەوەشێنێت لەنێو گەلەرییەکەدا دەیبەستێتەوە وەک پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و بونیادنانەوە لە تەنیشت چەند تابلۆیەکی پێوانە گەوردا نمایشی دەکات، کە وێنای زەوی و سروشت و گێڵگە وێرانبوو سوتاوەکانی ئەوکاتانە و ناوچەی (بەڵکان) دەکات، وەک ئاماژەیەک بۆ نیشاندانی هێزی کاولکاری ئەو فرۆکانەی کە بەشێک لە شارەکانی ئەوروپایان وێرانکرد، (سیمۆن شاما-S imon Schama)ی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360



وێنەی(٢٠) ب٢. کاری کیفەر ساڵی ٢٠١٦



وێنەی(٢١) ب٢. کاری کیفەر ساڵی ٢٠١٦



وێنەی(٢٢) ب٢. کاری کیفەر ساڵی ٢٠١٦

مێژوونوسی هونەر لە کارەکانی کیفەرەوە دەپرسێت "ئایا هونەر دەتوانێت چی بکات کاتێک جەنگ و ترسناکی دروست دەبێت وڵات و شار و شارستانیەت وێراندەکات"، وەڵامەکەشی لە کارەکانی کیفەرەوە دەبینێتەوە و پێیوایە ئەو توانیویەتی شوێنەوارە وێرانبوو و ترسناکەکانی جەنگ بۆ بینەر بگوازێتەوە بە بەکارهێنانی تەکنیک و تێکچەری جیاواز و زبرو گەورە و ئامڕازە جەنگییەکان. (Schama, Simon. BBC 2018)

هەروەها هونەرمەندانی کوردیش وەک بەشێک لە خاکێک کە بەردەوام لە نێو جەنگ و داگیرکرایدا بووە لە بەرهەمەکانیاندا کاریان لەسەر جەنگ و نەهامەتیەکانی ناوچەکانیان کردووە، بە تایبەت لە سەدە نوێکان و ساڵانی چل و پەنجاکان، بەو پێیەی کە پێشتر لەژێر سانسۆردا بوون و ئازاد نەبوون، وەک (دانیال قەساب، مونیر قەساب، حەسەن فەلاح، عەزیز سلیم، حوسێن حوزنی موکریانی، بەدیح حسێن باباجان، خالد سعید، ئەنوەر توفی، جەواد ڕەسوڵ ناجی، ئەسکەندەر جامباز، جەمال بەختیار) لە کوردستانی باشور. (پیرباڵ، فەرهاد. ٢٠١٠ل٦٩) هەوەرها لە دوای ڕاپەرینەوە هونەرمەندان زیاتر کاریان لەسەر ئەم بابەتەکردە و زیاتر دەستکراوەتر بوون.

## بەشی سێیەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە

(بەشێواز و میتۆدی (وەسفی شیکاری) ئەنجامدراوە، لەبەر گونجان و خزمەتکردنی بە توێژینەوەکە).

**نموونەی (١)**



کاری هونەرمەند: عەلی جۆلا. ناوی کار: کێشە. ساڵ: ٢٠٠٦. پێوانە:٢٠٠ سم بە ١٨٠ سم. کەرەستە: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانفاس. خاوەندارێتی: هونەرمەند.

**شرۆڤە:** هونەرمەند لە پەخشکردنی دەربڕینە بینەییەکەیدا لە میانی کۆمەڵە هێڵکارییەکی چڕ و بەیەکدا چووی تەنگژە خواردوودا هەڵچوونە تەعبیرییە هونەرییەکانی ناوەوەڕا خۆی لە هەمبەر چەمکێکی پڕ لە ئەندێشەی وەک کێشمەکێشە بەردەوامەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، کێشە گەلێکی وەها کە سەردەکێشێت بۆ نێو جیهانی ئاماژە و نیشانەی پەیوەست بە هەبوونی کە شێکی ئاڵۆزی پڕ لە مەترسی لە نێو ژینگەی ئارامی باڵندە ژیاندۆستەکاندا کە بە دەنگ و بزافە پڕ لە ئایدیاکانیان ژینگەی دەوروبەری مرۆڤەکان ڕەنگاڵەیتر دەکەن، بەڵام لەو کارەدا تارمایی جەنگە درێژخایەنەن و بەردەوامەکانی مرۆڤ هێندە وێرانکەر و گشتگیرە تەنانەت ئەوەی پەیوەندی بە جەنگیشەوە نەبێت پەلکێش دەکات و هەموو جوانییەکانیتریش دەکاتە شوێنی سوتماتکراو هەموو شوێنێک دەگرێتەوە، کە هونەرمەند بە هێما و نیشانەی تایبەتی وەک (هێلانە) تەعبیری لێدەکات کە وزەیەکی ئێکسپرێشینزمی سیمبولگەری بە توژمی پڕ لە هەستی مرۆیی دەربابەی کاریگەرییە هەمە جۆر و فرە ڕەهەندەکانی جەنگ دەکات کە هەستێکی گوزارشتگەرا و هونەری وزەیەکی زیندوو دەبەخشێت بە ناوەرۆکی بابەتە بنەرەتییەکە، لە فۆرمەڵەکردنی پڕ لە تەکنیک و بزافی پەڕومۆچەکانی و ئاوێتەکردنی ڕەنگە تاریک و (خوم)ی و (ڕەش) و ڕەنگە قورسەکان کە کاریگەری ڕەنگی (جۆلا)ی باوکی لەسەر بووە لە تەواوی کارەکانیدا، شالاوی جەنگێگ لە بۆتەیی هێلانەیەکدا بەرپا و بەرجەستە دەکات، کە کێشەکە لە سەر ژیان و ئاینده و لانەی بێجووە باڵندەکانە.

واتا لەو بە دیهاتووە بینەییەوە نزیک لە شێوازی ئێکسپریشینزمەکان ئاماژەی دۆخی نا لەباری کوردستان دەردەخات لە بەرەنجامی جەنگەکاندا کۆچ و ڕاگواستن و ئەنفال و کۆمەڵکوژی لێکەوتۆتەوە، ترس و دڵە ڕاوکێیەکی وەهای لە کارەکەدا نیشانداوە وەک ئەوەی مانەوە و گەڕانەوەی ئەو باڵندانە بۆ زێدی خۆیان سەخت و دژوار بێت لە نێو پانتای و بیابانێکی پڕ مەترسی و مەرگە ساتدا. لە هەمانکاتیشدا لە نێو خولگە خولاوەکان و بۆشاییەکاندا کە چونەتە دەرەوەی کارەکە دەرفەتی ڕزگار بوون بۆ قوربانییەکانی دێڵێتەوە وەک ئاماژەییەک بۆ زیندوێتی کورد پاش ئەو جینۆسایدانەی بەسەریدا هێنراوە، هونەرمەند وەک پێشمەرگەیەک لە شاخ شۆڕش وکاری هونەری کردوە و بە گشتی کارەکانی تەرخانکردوە بە دۆز و کێشەو خەباتی کوردی و هەمیشە پرسی دروستکردوە.

**نموونەی (٢)**



**کاری هونەرمەند: عوسمان قادر-ناوی کار: نوگرە سەلمان-ساڵ: ٢٠٠٤-پێوانە: ٦٥سم بە ٣م-کەرەستە: ڕەنگی ئەکریلیکی ڕەش لەسەر کانفاس-خاوەندارێتی: مۆزەخانەی (ئیمپریاڵی بریتانیا)**

**شرۆڤە:** نەخشاندنی وەدیهاتووە بینەییەکە بە شێوەیەکی ئاسۆی تەژییە لە فیگەراتیفە مرۆییە دەستگیرکراو ڕاگواستراوەکان، بە جۆرێکن لە نێوان تەلبەنێکی و لە نێو بیابانێکی زەرد و وشک و دورە دەستدا دانراون کە هیچ ئاماژەیەکی ژیانی تێدا نییە ئەویش گرتوخانەی گەورەکەی (نوگرە سەلمان)ە کە شوێنی لە ناوبردن و قڕکردنی کوردبوو وەک مەکینەیەکی گەورە بێ جیاوازی چین و توێژەکانی لە ناو دەبرد، تێیدا هەژمونی چەند ڕوخسارێکی تاسا و ترسا و لە ڕاستی کارەکەوە بەرە و لای چەپی کارەکە بەردەوام و ڕیزگرتوون بە دووی یەکدا کە ئەوسەری دیار نیە، ژن و پیاو منداڵ و بەساڵا چووەکان لە پەیوەندییەکی دینامیکی تراژیدی ئامێزدان لە چاوەڕێی مەرگدا پێکەوە گرێدراون، لە میان و تێڕوانینی هەمەکی کارەکەدا شێوازی جۆراوجۆر و فرەڕەهەند لە کەسایەتییەکاندا دەبینین بە تایبەت لە ڕووی (دەرونی) و جەستەیی پڕ لە شەکەت و ماندووی بێ فریاد ڕەسی بەدیدەکرێت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سیستم و بونیاتی  بینەی و هزری و گوزارشتگەری شێوە ئاسۆییەکە لە پاڵ یەکبووە ڕیز بەستوەکاندا وەها دارشتوە کە ئاڕاستەیەکی ئاسۆی بەرە و ئاسۆیەکی نادیار لە خۆ گرتوە، کە بە گشتی لە زۆربەی کارەکانی هونەرمەندا بەدیدەکرێت و وەک شایەدحاڵ و پێشمەرگەیەک گوزارشتی لەو کارەساتانەکردوە و هونەرەکەی بە تەواوی تەرخانکردوە بۆ بابەتی نەتەوەی و کارەساتە نیشتمانییەکان و کاری لەسەر ئەوە کردوە ئەو ڕوداوانە بگوازێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە، کە ئەم کارەی واتایەکی پڕ لە نەهامەتی و ئاکامە خراپەکانی نێو بارودۆخی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق-ئێران) کە تێیدا وەک دەرفەتێک شاڵاوی (ئەنفال) ڕاگواستن ڕووی دا بە شێوەی کۆمەلکوژی و چەکی کیمیایی کە کوردستانی باشوری بردوە دۆخێکی ترسناک و ورانییەوە کە کاریگەری فرە ڕەهەندی لەسەر زمان و ئاین و کلتور و ماف و ئازادی دانا.

**نموونەی(٣)**







کاری هونەرمەند هونەرمەند: ئیسماعیل خەیات. ناوی کار: پرۆژەی ئاشتی بۆ کوردستان. ساڵ: ٢٠٠٨-٢٠١٣. پێوانە: سنوردار نەکراوە.

لە تێڕوانین و بەرکەوتنی ئەم کارەدا بەر هونەی زەوی دەکەوین  (Landscape)کە هونەرمەند بە مەبەست کاری لەسەر کردووە ئەویش ڕەنگکردنی بەرد و تاشە بەردەکانی ناوچەی (دێگەڵە)یە کە بە ڕەنگی ئەبستراکت و چەند هێمایەکی گوزراشتکەرا کاری لەسەر کراوە، لە هەندێک شوێنیشدا پاشماوەی تۆپ و هاونی جەنگی لەسەر بەردەکان دانراوەتەوە بۆ بیرخستنەوە و مانەوەی یادگەی ئەو ڕوداو جەنگەی کە لەوێدا ڕوویداوە.

شرۆڤە: ناوەڕۆکی کارەکە و بینگەی هونەرییەکەی بەجۆرێکە پەیوەستە بە ڕوداوگەلێکی تراژیدی ساڵانی پڕ لە نائارامی و جەنگی نێوخۆی هەرێمی کوردستان، جەنگێکی وەها لەبەرامبەر یەکدا هەر بە زمانی سیاسی و  زەرەری گیانی و ڕاوەدونانی یەکدی و بە دیلگرتن کۆتایی نەهات بەڵکو پەلی کێشا بۆ جیاکردنەوەی سنوری نێوان هێزە لێکدژەکان لەم هەرێمەدا، بە جۆرێک کاریگەری درێژخایەن و فرەڕەهەندی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆ ئەم نەخشاندنە هزری و بینەییە هونەرمەند خۆ دەهاوێتە نێو شێوازێکی هونەری نزیک لە (لاند ئارت)ەوە بە جۆرێک ستایلێکی جیاواز لە بەکاربردنی میدیەمی تراديشن باو بەکاردەبات، ئامرازەکانی وەکو تابلۆ و نمایشی نێو گەلەری تێدەپەڕێنێت لەپێناو تەوزیفکردنی (سپەیس-فەزا)ی زیندووی نزیک مەیدانی جەنگەکەوە، بە هەڵبژاردنی هێلێی بەریەککەوتنی هێزە بەشەڕ هاتووەکان و سنووری سەپێنراو جیاکەرەوەی دوو دەڤەری  یەک نیشتمان، ئەویش بە نەخشاندنی چەند سەدمەترێکی نێو سروشت وەک میدیەمی سەرەکی کارە هونەرییەکە، لە میانی کارکردنێکی دەستە جەمعی و کۆمەڵێ هونەرمەند و خوێنکارانی هونەردا ئەنجامداوە، بە ڕەنگ و هێڵی ئەبستراکتکراو نزیک لە ستایلی ئەبستراکت ئێکسپیریشینیزم، بێجگە لە تەوزیفکردنی هەندێک بەجێماوی وەک (چەک) و تەقەمەنی کە لەو کاتانەدا دژی یەک بەکار هاتوون، خودی پراکتیزەکردنی کارە هونەرییەکە بە دەستە جەمعی هەڵگری بەهایەکی هونەری و گوزارشتگەرایی و هاوسۆزی هاورای ئەندێشەی هونەرمەند و بەژدار بووەکانە دەربارەی ڕەتکردنەوەی جەنگ و مەترسییە هەمەجۆرەکانی، ئەمە کۆنتێکستێکی بنەڕەتی کارە هونەرییەکەیە، کە هەڵگری بەهایەکی مرۆییە و زەنگێکی ئاگادارکەرەوەیە.

سەرباری لایەنی سیمبولگەرایی کارەکە کە لە دەرئەنجامی وەشاندنی ڕاستەوخۆی فڵچە و کەرەستەکانەوە هاتووە بە جۆرێک  بەشداربووەکان ڕاستەوخۆ لەوشوێنەدا بە تەعبیرییە خودییەکانیان لەو جێگایەدا مامەڵەیان کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی لە ڕووی تەکنیکی کارکردن و بواری هونەرییەوە لە (نیگار کێشان، گرافیک، پەیکەرسازی) کەرەستەی زیندوشیان تێدا بەکار بردووە، هەروەها نمایشی ڕاستەوخۆ لە شوێنی ڕووداوەکە پرۆسێسی وەرگرتنی هونەری لە لایەن (وەرگر)ەوە دەباتە ئاستێکی (جەماوەری-پەپلیک)ەوە ئاماژەیەکی بەرچاو کاریگەر وەبیر

وەرگردا دێنێتەوە، بەهای گوزارشتگەرا و سیمبولئامێزی کارە بینەییەکە خۆ دەهاوێتە ئاستێکی کاریگەر و دەلالەتێکی مرۆی و هونەری دیارەوە.

## بەشی چوارەم: ئەنجام و دەرئەنجامی توێژینەوە

### ئەنجام:

١-جەنگ وەک ئامرازێکی وێرانکەر لە بەراییەکانی پێش مێژوو سەرەتایی دروستبوونی مرۆڤایەتیەوە هەبووە وەک غەریزەیەکی ئۆرگانی و بایەلۆجی مرۆڤ گواستراوەتەوە بۆ چین و مرۆڤەکانی دواتر، ئەویش لە پێناو وەدەستهێنانی ئامانج گەلێکی سیاسی و ئابووری و جۆگرافیا و دەسەڵاتگرتنە دەست و پاوانخوازیدا بووە.

٢-جەنگەکان کاریگەری نەرێنیان لەسەر گشت ڕەهەندە (مێژووی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ژینگەی، سروشتی و...هتد) داناوە و توانای گۆڕین و ئاوێتەکردنی (کلتور)ەکانی هەیە، تا دەگاتە کۆمەڵکوژی و جینۆساید و سوتماتکردنی ژینگە و خاک و (تراوما)ی درێژخایەن.

٣-لەکار و نموونە (١)دا بەناوی (کێشە)وە وەک دیدگایەکی هونەری و گوزراشتگەری و هەڵوێست ئامێز و بەرپەرستارێتی نیشاندانی هەستی خۆی بۆ کێشەکانی ڕۆژگار نەخشاندوە وەک کارێکی درندانە و تێکچوونی ژینگە و لە ناوبردنی (سروشت، گیانلەبەران) ئەنجامداوە، هەر وەک سوتاندنی لانە و هێلانەی بوونەوەرەکانی نێو ژینگە کە بە هۆی جەنگەوە سەرگەردان و سەر لێشێواو دەبن.

٤-لە هەستێکی پڕ لە هەژارن و دیمەنێکی بینەیی پڕ لە دراماتیکی و تراژیدیایی لە نموونەی (٢)دا بە ناوی (نوگرە سەلمان) هونەرمەند ڕووداوێک دەربارەی بە کۆمەڵگرتن و ڕاگواستن و لە ناوبردنی خەڵک و گوند و شار و ناوچەکانی کوردستان دەکات، لە سایەیی پرۆسەی درێژخایەنی ئەنفال و لە ژێر دەسەڵاتی (بەعسی) ڕوگەز بەرست و لە ناوچوو تۆمارکردوە، کە شوێنەواری پڕ لە حەسرەت و نەهامەتی لە دوای خۆی بۆ خەڵکەکە جێهێشتووە کە تا کۆتای سارێژ نابێت و لە بیر ناچێتەوە.

٥-لە کار و نموونەی (٣) دا هونەرمەند بە شێوەیەکی هاوچەرخ کاری لەسەر (هونەری زەوی) کردووە و ئەوی نیشانداوە کە جەنگەگان دەبنە هۆی گۆڕین و جیاکردنەوە جۆگرافیای و سنوری زەوی تەنانەت لە نێوخۆشدا کە کاریگەری فرە ڕەهەند لەسەر پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان دادەنێت، لە رێگەی ئەوکارەوە کاری لەسەر یادگەی ئەو ڕۆژگارانە کردووە کە ستنوری یەک خاک و هەرێمی جیاکردووە تا وەرگر لە بینگەیدا بمنێتەوە بە ئومێدی ئەوی هەرگیز ئەوە ڕوونەداتەوە.

### دەرئەنجام:

بەشێک لە هونەرمەندان کاریان لەسەر بابەت و داگیرکاری و ئەو جەنگ و کۆمەڵکوژیانە کردووە کەبەسەر خەڵک و ناوچەکەیاندا هاتووە وەک بەرسیارێتییەک هەروەها وەک بەشێک لەو ڕووداوانەی ئەوکاتانەی کە تێیدا بوون و ڕوویانداوە، کە زیاتر لەنێو هونەرمەندە دێرن و بە ئەزموونەکاندا کاری لەسەر کراوە و ڕەنگی داوەتەوە و بە شێوازی جیاواز کاریان لەسەر کردووە هەروەک لە نموونەکانی (١، ٢، ٣) دا بەدەر کەوتووە، بە هەمان شێوە هونەرمەندە لاوەکانیش لەژێر کاریگەری هونەری دەروەدا بەشێوازی نوێگەر و هاوچەرخ کاریان لەسەر کردووە.

### پێشنیارەکان:

توێژەر پێشنیاری ئەم بابەتانە دەکات کە بکرێنە توێژینەوە:

١-بەرجەستەکردنی ڕووداوی ئەنفال لە نێو هونەری نیگارکێشانی هاوچەرخی هەرێمی کوردستاندا.

٢-کاریگەری دەروونی جەنگ لە ڕووی دەروونی لە نێو کار و هونەری بینەی لە هەرێمی کوردستاندا.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ژێدەرەکان:

### سەرچاوەی کتێبی کوردی:


-باسیره، سالار. (٢٠١٩). جەنگ لە مێژووی مرۆڤایەتییدا و پەیوەندیی بە سیاسەت و ئابوورییەوە. سلێمانی: چاپخانەی ئەندێشه.

- ئێدوارد رید، هێربیرد. (٢٠٠٧). ماناى هونەر. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

-باسیره، سالار. (١٩٨٤). جەنگی عێراق/ ئێران. گۆڤاری یەکگرتن. ژمارە یەک.

-قوباد، سەنگەر. (٢٠١٩). هونەر و هونەرەکانی هونەر. تاران: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

-علی، بەختیار. (٢٠٠٦). کۆمەڵە وتار. چاپخانەی ڕەنج.

-پیربال، فەرهاد. (٢٠١٠). پێشەنگەکانی هونەری شێوەکاری لە کوردستان. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.


### سەرچاوەی کتێبی عەرەبی:


-می یر، پیتر. (١٣٧١). جامعه‌شناسی جنگ و ارتش. ت: علیرضا ازغندی و محمد صادق مهدوی. جلد دوم، تهران: نشر قومس.

-جمیل عبدوالواحید، کلسومە. (٢٠١٥). مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک. هەولێر: چاپخانە و نوسینگەی تەفسیر. چاپی دووەم.

- هـ. كيلي، لورانس. (١٩٩٧). لحرب قبل الحضارة. برتانيا: مطبعة جامعة أكسفورد، طبعة مصورة.

-دايموند، جارد. (٢٠١٥). أسلحة، جراثيم، وفولاذ (مصائر المجتمعات البشرية). ت: مازن حماد. ناشر: الأهلية للنشر والتوزيع.

-لحرب قبل الحضارة: أسطورة المخلص السلمي الطبعة المصورة، لورانس هـ. كيلي، مطبعة جامعة أكسفورد ؛ طبعة مصورة (١٨ ديسمبر ١٩٩٧)

-فون كلاوزفيتز، كارل. (١٩٩٧). عن الحرب. ت: سليم شاكر المامى. الموسسة العربية اللدراسان وألنشر، دار الڤارس للينشر واتوزيع. Pdf

-كيغان، جون. (١٩٩٣)، تاريخ من الحروب . نشرته دار راندوم هاوس.

-غوستاف يونغ، كارل. ٢١ سبتمبر (٢٠١٥) كتاب الأحمر. ت: رنا بشور. المؤشرات الاقتصادية.

-(أينشتاين و فرويد). (٢٠١٩). لماذا الحرب؟ مناظرة سبب الكوارث والحرب، ترجمة، تحقيق: جهاد الشبيني. دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع.

-لوكاتش ، جورج . (١٩٨٥). دراسات في الواقعية . ترجمة: نايف بلوز، ، ط٣. نشر: لبنان بيروت. المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر.

-محمد، رمضان بسطاويسي. (٢٠٠٢). الإبداع والحرية. كتابات نقدية. نشر: الهيئة العامة لقصور الثقافة.


### سەرچاوە تێزی دکتۆرا بە عەرەبی:


-سمير عبد الباقي، فيروز. (٢٠٠٧). التصوير الروسي المعاصر بين الواقعية واتجاهات ما بعد الحداثة. رسالة دكتورا. جامعة حلوان كلية الفنون الجميلة.


### سەرچاوەی گۆڤار بە عەرەبی:


-نصر، أمل. ( يناير ٢٠١٣). مجلة الكلمة، ادبية والڤكرية. العدد ٦٩.

-محمد، رمضان بسطاويسي. (١٩٩٢). بحوث فى المجلة دار المنظومة فصول، مج ١١، ع ١. نشر: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

**سەرچاوەی کتێبی فارسی:**

-رابیندرانات، تاگور. (٢٥ دی ١٣٩٨). (ملی گرایی) مترجم: بنفشه جعفر. نشر: تهران، روزگار نو.

-علی اکبر پوری بهنامی،محمد. (٢٥ آبان ١٣٩٢). جنگ چالدران. ناشر: تهران، ابریشمی فر، خانه تاریخ و تصویر ابریشمی.

-بیزر، فردریک، هگل. (١٣٩١). ترجمه: سید مسعود حسینی. تهران: اانتشارات ققنوس.

-آدورنو، تئودور. (١٣٩٥). زیبایی شناسی و سیاست. ترجمه: حسن مرتضوی. تهران: نشر: ژرف.

سەرچاوەی گۆڤار بە فارسی:

-رنجبر، محمدعلی & حسن رحیمیان، محمد. (بهار و تابستان ١٣٩٦). روایتی ایتالیایی از جنگ چالدران. نشر: تهران، جستارهای تاریخی. شماره١.

**سەرچاوەی کتێب بە زمانی بیانی:**

-Bourke, Joanna. (2017). War and art–a visual history of modern conflict. London, Reaktion Books,

-Jung ,Dietrich & Schlichte, Klaus. (2003). Kriege in der Weltgesellschaft. German,Wiesbaden, Erster Auflage.

-HUNT, PETER. (2010). War, Peace, and Alliance in Demosthenes' Athens. New York: Cambridge University Press.pdf

-Finlayson, Clive. (December 9, 2010). The Humans Who Went Extinct: Why Neanderthals died out and we survived. Publication: Oxford University Press.

-Kluge, Alexander & Negt, Oskar. (2002). Was ist Krieg? in: Bltter fr deutsche und. internationale Politik, Bonn, Die »Blätter« sind die größte politisch.

-Dahlman, Carl. (2002). The Political Geography of Kurdistan, Eurasian Geography and Economics. University of South Carolina. PDF

(1916). Justice in War-Time. Manchester: London. p: National Labour Press..-Russell, Bertrand

-Willmott, H.P. (September 30, 2003). World War I. New York, Publisher: Dorling Kindersley H/B.

-Ellison, Hank. (August 24, 2007). Chemical and Biological Warfare. Publisher: CRC Press, 2nd edition.

-Pertici, Petra & Fubini, Riccardo. (January 16, 2011). Battle of San Romano, A Day in History. Publication: Italy, Mandragora, Florence.

-Timmermans,Bert. (2008). Patronen van patronage in het. Publication: zeventiende-eeuwse Antwerpen.

-Guthrie, William P. (October 30, 2001). Battles of the Thirty Years War: From White Mountain to Nordlingen, 1618-1635. (Contributions in Sociology). Publication: Books praeger.

-Gimblett & Jennifer Leigh. (2011). PAINTING AND PROPAGANDA: NAPOLEON AND HIS ARTISTS. Publication: UNIVERSITY of ARIZONA

-Zygmont & Bryan. (2015). Delacroix, Liberty Leading the People. Publication: khan Academy.

-Michalak, Jacek. (September 26, 2012). 205 Color Paintings of Vasily Vasilyevich Vereshchagin - Russian Battle Painter.

**سەرچاوەی نامەی ماستەر بە ئینگلیزی:**

-Daryl A. Jenner. (Jenner. July 2014). Benjamin Franklin's Diplomacy and the 1783 Treaty of Paris. (Masters of Arts: Atlantic World History. East Carolina University) pdf.

**سەرچاوە گۆڤارییەکان بە ئینگلیزی:**

-Isabelle Crevecoeur. Marie-Hélène Dias-Meirinho. Antoine Zazzo. DanielAntoine. François Bon. (2021). Journal of Scientific Reports. volume 11, Article number: 9991.pdf

-Nature volume 529, pages394–398 (2016)

-Bouvier, Paul. (December 2011). (Yo lo vi) Goya witnessing the disasters of war: an appeal to the sentiment of humanity. International-review: Vol 93, Num884.pdf

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

-https://en.unesco.org. (Why war)

-https://.zaniary.com/blog. (جەنگ)

-https://.researchgate.net. (Battle scene from Sefar Tassili Najjer).

-https://edition.cnn.com (Paintings, protest and propaganda: A visual history of warfare)

-https://bbc.co.uk (Opening the wounds of history: Anselm Kiefer's war on forgetting)